# پانۆرامای مێژووی پەکەکە و تەڤگەری ئازادیی گەلی کوردستان.



حەسەن جودی

دوای دامرکاندنەوەی بیست و هەشت سەرهەڵدان و تەڤگەری ئازادیخوازانەی کوردان لەلایەن سیستەمە داگیرکارییەکان و بێدەنگی لێکردنێکی قووڵ و پڕ لەئێش و مەینەتی کوردان، دوای خامۆشبوونێکی تراژیدیایانەی ئاگردانی سەرهەڵدانە پڕ لەهیواکان، دوای هەموو نکۆڵی و قڕکردن و توانەوە بەردەوامەکان، تەڤگەری ئاپۆچێتی جارێکی تر وەک پشکۆیەک کە لەژێر خۆڵەمێشی هەزاران ساڵەی مێژووی ژێردەستی و داگیرکاریدا خۆی حەشاردابوو و هەر پزیسکی دەدا، لەزەمەنێکی شەوەزەنگی بەستەڵەکگرتوودا بڵێسەی گرت و گڕ و کڵپەی سەند و گڕکان ئاسا هەڵقوڵا و گڕی لەمێژوویکی شووم، لەقەدەرێکی سەپێنراو بەردا... مێژوویکی نوێی ئافراند... ئیدی مێژوو لەسەرووی قەدەرە سەپێنراوەکانەوە ڕێڕەوی خۆی گرت... مێژووی ئەم تەڤگەرە بۆتە قۆناخێکی نوێ و گرنگ لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی، پارچەیەکی دانەبڕاو لەمێژووی کوردستان، خۆرهەڵاتی ناوین و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئەمڕۆ کە 31 ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە تێدەپەڕێت، لەرووپەلەکانی مێژووی تەڤگەری (پەکەکە)دا؛ پووختەی مێژووی گەلێک کە دەستبەرداری مەیلی ئازادیخوازانەی خۆی نابێت و لەپێناو گەیشتن بەئازادیدا، لەئاستی هەرە بڵنددا قوربانی، قارەمانێتی و گیانفیدایی هەرە مەزنی نواندووە و بۆتە سەرچاوەی مۆڕاڵ و وزە و توانستێکی بەهاداریش بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان.

لە دوای کودەتا سەربازییەکەی (11)ی مارسی ساڵی (1971) لە تورکیا، ڕەوتی شۆڕشگێڕی و چەپگەری خوێندکاری و لاوانی کورد و تورک، لەژێر کاریگەری شۆڕشی ڤێتنام و بزاڤی خوێندکاری و لاوانی فەڕەنسا لە ساڵی (1968)دا کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕی خوڵقاندبوو.

ئەوکاتە عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک خوێندکارێک سەبارەت بە کورد و کێشەکەی و گرفتەکانی دیکەی کۆمەڵگا لەنێو لێگەڕین و لێکۆڵینەوە دابوو و تا دەهات راستینەی کێشە و گرفتەکان و ناکۆکییەکانی زیاتر دەناسی و قووڵتر لێیان ورد دەبووەوە. ئۆجەلان بە چوونی بۆ ئەنقەرە و خوێندن لە زانکۆی ئەنقەرە و کۆلێژی زانستە سیاسییەکان کەوتە نێو دۆخ و کەشوهەوایەک کە لەلایەن ڕەوتی چەپگەری و شۆڕشگێڕی ئەو کاتەوە، بە تایبەتی کاریگەری بزاڤەکانی پارتی ـ بەرەیی ـ ڕزگاری گەلی تورکیا بەڕێبەرایەتی "ماهیر چایان" و ئەرتەشی ڕزگاری گەلی تورکیا بەڕێبەرایەتی"دەنیز گەزمیش" و ئارتەشی شۆڕشگێڕی ڕزگاریخوازی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا (تیپکۆ) بەڕێبەرایەتی " ئیبراهیم کایپاک کایا"دا بوو. هەربۆیە ئۆجەلان لە نێو هەموو گرووپە چەپگەرەکاندا، ئەم 3 گرووپە ئاماژە پێکراوەی لەهەموو گروپەکانی دیکەی چەپڕەو پێ باشتر بوو.

بێگومان هەبوونی دیاردە و کێشەی کورد هۆکار و هەلومەرجی سەرەکی دەرکەوتنی تەڤگەری پەکەکە بووە، بەڵام وەکو دەردەکەوێت ئەو دیاردە و کێشەیەش بەدەرنییە لەکۆی کێشە مرۆڤایەتییەکانی دیکە. بۆیە دەبینین کاتێک ئۆجەلان بەدوای گەوهەری سۆسیالیزمدا دەگەڕێ و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دەکات، لەمیانەی ئەو لێگەڕین و لێکۆڵینەوەیەشدا مێژووی کورد و دیاردە و کێشەی کورد قووڵتر دەناسێت. چونکە تا ئەوکاتە لە هەلومەرجی ساڵانی حەفتاکانی تورکیادا بچووکترین زانیاری سەبارەت بەکورد و کوردستان دەست ناکەوێت، بەڵام دەرک بەوەش دەکات کە کورد وەکو گەلێک خاوەن کێشەیەکە.

ئۆجەلان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە زانکۆ، لەدژی ئەو ڕەشەکوژییەی کە ماهیر چایان سەرۆکی بەرەی ـ پارتی ـ ڕزگاری گەلی تورکیا و نۆ لەهاوڕێکانی لە(31)ی مارسی (1972)دا لە ناوچەی قزلدەرە گیانی خۆیان لەدەست دا. هەروەها بۆ ڕێگیریکردن لە لەسێدارەدانی دەنیز گەزمیش سەرۆکی ئارتەشی ڕزگاری گەلی تورکیا و دوو لە هاوڕێیانی "یوسف ئەسڵان و حوسێن ئینان، پێشەنگایەتی ڕێپێوانێکی پرۆتستۆیی دەکەن لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرە. "

بەهۆی ئەو پێشەنگایەتیکردنەیەوە، ئۆجەلان لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی "دۆغان فرتنە" لەرێپێوانەکەدا دەستگیر دەکرێن و نزیکەی (7) مانگ لەزیندانی "ماماک"دا دەمێنێتەوە، ئەو زیندانی بوونەی ئۆجەلان بووە وێستگەیەکی وەرچەرخان لە گەیاندنی لێکۆڵینەوە و لێگەڕینەکانی بەئاستی بیرکردنەوە لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی. بۆیە لەماوەی زیندانیبوونیدا بیر لە ئاواکردنی گروپێکی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی دەکاتەوە، لەدوای ئازادبوونی لەزیندانیشدا هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی بۆ ئەو مەبەستە دەخاتە گەڕ .

دوای ئازادبوونی ئۆجەلان لەزیندان و گەڕانەوەی بۆ خوێندن، هەردوو کەسێتی شۆڕشگێڕی تورک "حەقی قەرار و کەمال پیر" دەناسێت، کە ئەوانیش خوێندکاری هەمان زانکۆ بوون. ئیدی ئەم 3 هاوڕێیە بەیەکەوە دەژین و پێکەوە بناخەی یەکەم گروپی ئایدیۆلۆژی تەڤگەری ئاپۆچێتی دادەمەزرێنن.

تەڤگەری ئاپۆچێتی، هەر لەبنەڕەتدا؛ هەم لەپێکهاتە و سەرهەڵدانیدا، هەم لەڕوانگە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکەیدا خاوەن سروشتێکی ئەنتەرناسیۆنالی و مرۆڤایەتییە. کاتێک ئۆجەلان دەیەوێت ئەوەی لەئەنجامی لێگەڕین و لێکۆڵینەوە هزریەکانیدا ئاکامگیر بووە بۆ هاوڕێ نزیکەکانی خۆی لەزانکۆ بدرکێنێت، دوو هاوڕێی هەرە دەستپێکی لە ڕۆڵەکانی

گەلی تورکن، کە "حەقی قەرار و کەمال پیر" ن. ئەم دوو هاوڕێیەی لەسەر بنەمای چەمکی " تا گەلی کورد ئازاد نەبێت گەلی تورکیش ئازاد نابێت" هەڤاڵێتی ئۆجەلان دەکەن و یەکەمین گروپی سێ کەسی بۆ سەرهەڵدانی تەڤگەری ئاپۆچیتی پێکدێنن.

ئۆجەلان لە نەورۆزی (1973 )دا لە لەمیانەی گەشتێکی ئاساییدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی زانکۆی بۆ کەناری بەنداوی " چووبوک"، بۆ یەکەم جار ئەو دەرئەنجامە فیکرییەی لەمیانەی قووڵبوونەوە و لێگەڕینی تیۆری خۆیدا پێیگەیشتبوو لەلای ئەو هاوڕێیانەی باس دەکات و خوازیارە هەڵوێست و بیروڕای ئەوان لەو بارەوە بزانێت، بەمەش هەوڵدانێکی کرداری بۆ ڕێکخستەکردنی یەکەم گروپی ڕێکخستنی. هەرچەندە زۆربەی بەشداربووانی ئەو دانیشتنەی سەر کەناری بەنداوی چوبووک نەکەوتنە ناو یەکەم گروپی ڕێکخستنی، بەڵام لەهەنگاونانی کردارییانەی ئۆجەلان بۆ دەستکردن بە تێکۆشانی ڕێکخستنیانە واتایەکی گرنگی خۆی هەیە. ئیتر لەو کاتە بەدواوە؛ ئۆجەلان تێکۆشانی خۆی دەگەیەنێتە ئاستی گروپێکی فیکری و ئایدیۆلۆژی و بەناوی "خوێندکارانی شۆڕشگێڕ" یان "شۆڕشگێڕانی کوردستان" یاخود "تەڤگەری ئاپۆچی"یەوە لەزانکۆ و هەندێک گەڕەکی هەژارنشین و کوردنشینی ئەنقەرە دەناسران و فیکر و بیروباوەڕەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە.

ئەوکاتە؛ ئۆجەلان هەوڵیدەدا تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی و ئەو دەرئەنجامە فیکرییانەی پێیگەیشتبوو، هەر تەنیا لەسنووری خوێندکاران و زانکۆ و چەند گەڕەکێکی هەژارنشیندا نەمێنێتەوە، بەڵکو بەپێویستی دەبینی کە بیگەیەنێتە هەموو کۆمەڵگا. بۆیە لەساڵی (1976)دا لە ئەنقەرە لە هۆڵی"ژووری بیناسازان" ی "کۆمەڵەی ئەندازیاران" دا سیمینارێکی سەبارەت بە فیکر و بیر و باوەڕی خۆی بۆ مەسەلەی چەپ و کێشەی کورد ساز دەکات. ئەمەش یەکەم جار بوو کە ئۆجەلان لەدەرەوەی گروپەکە تێڕوانین و دەرئەنجامە فیکرییەکانی خۆی بە ئاشکرا بۆ خەڵکی دیکە باس و تاوتوێ بکات.

دوای ئەوەی هەوڵ و تێکۆشانی ئۆجەلان و گروپی سەرەتا بۆ فراوانکردنی ڕێکخستنی گروپ ئەنجامگیر دەبێت، بیر لەوە دەکرێتەوە چۆن ئەو فراوانبوونەی گروپ خۆی بگەیەنێتە ئاستی ڕێکخستنێکی تۆکمە و خاوەن ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخستنی. بۆ ئەمەش لە (1976)دا لە ئەنقەرە، یەکەم کۆبوونەوەی گروپەکە لە گەڕەکی "دیکمان " ئەنجام دەدرێت. ئەم کۆبوونەوەیە بە یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی تەڤگەری ئاپۆچێتی دادەنرێت. لەم کۆبوونەوەیەدا، بڕیاری گەڕانەوە لە ئەنقەرەوە بۆ کوردستان و دەستکردن بەتێکۆشانی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕێکخستنی دەدرێت. بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستان بڕیارێ هەرە گرنگی ئەو کۆبوونەوەیە بوو. چونکە ئەو گەڕانەوەیە هەر بەواتای گواستنەوەی تێکۆشان لەگۆڕەپانی ئەنقەرەوە بۆ کوردستان نەدەهات، بەڵکو بەواتای دەستنیشانکردنی گۆڕەپانی سەرەکی تێکۆشانیش دەهات کە کوردستان بوو. بۆیە گەڕانەوە بۆ کوردستان بەواتای دەستنیشانکردنی ڕاستەڕێ و ئاراستەی تێکۆشانی گروپەکەش دەهات.

ئۆجەلان هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی کردارییانەی ڕێکخستەکردنی گەلدا، لەبواری تیۆری و هزریشدا تێکۆشانی ئایدیۆلۆژیانەی خۆی پەرەپێدەدات. لەساڵی (1976)دا نامیلکەیەک بەناوی "مێژووی کۆلۆنیالیزم" دەنووسێ، ئەم نامیلکەیە سەرەتا لەسەر کاسێت تۆمار دەکرێت و پاشان لەلایەن ئەندام و پێشەنگێکی ئەو گروپە "محەمەد خەیری دوورموش"ەوە دەنووسرێتەوە و دەکرێتە نامیلکە. ئەو نامیلکەیە یەکەم نووسراو و ئەدەبیاتی فیکری ئۆجەلان و گروپی ئاپۆچێتییە.

ئەوکاتە ئەندامانی گروپی ئاپۆچێتی لەڕووی ئایدیۆلۆژیی و سیاسی و ڕێکخستنییەوە بەردەوام خەریکی خۆپەروەردەکردن دەبن. لەمەدا ئۆجەلان تەواوی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی بە هەڤاڵانی خۆی دەبەخشێت. ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەکردنی ئەندامانی گروپدا دەبینێت.

لەساڵی (1976) لەکاتی مەشقپێکردندا، بەهۆی بەکارهێنانی دەمانچەوە، "عەلی دۆغان یڵدرم" لە گەڕەکی "تووزلوچایر"ی ئەنقەرە فیشەکی لەدەست دەردەچێت و گیانی لەدەست دەدات. "عەلی دۆغان یڵدرم" لەمێژووی تەڤگەری پەکەکەدا یەکەم گیانبەختکرووی تەڤگەرەکەیە.

لەگەڵ گەورەبوونی گروپەکە و چالاکبوونی لەناو جەماوەردا، ئیتر ئەندام و لایەنگرانی گروپەکە دەبنە ئامانجی هێرش و پەلامارەکانی ڕێکخستنە میللیگەرا کوردییەکان و ڕێکخراوە چەپگەرە شۆڤێنیستەکان و تیمە سیخوڕییەکانی وابەستە بەدەوڵەت. چونکە گروپی ئاپۆچێتی گروپی هەرە چالاکوان و جیاواز بوون و بەبیروباوەڕی و تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕییەکانیانەوە ببوونە جێی سەرنجی گەل بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی. بۆیە لەئاکامدا لە(8)ی مارسی ساڵی (1977)یشدا لەشاری دێرسیم "ئایدن گول" بەدەستی ڕێکخراوێکی چەپی تورکی بەناوی (ڕزگاریخوازانی گەل - هەلقن قورتولوش)ەوە دەکوژرێ. چونکە "ئایدن گول" دەستبەرداری ڕێکخراوەکەی ئەوان ببوو و تەڤلی تەڤگەری ئاپۆچێتی بووە .

هێرش و پەلامارەکان زیاتر پەرەیان سەند و لەشێوەی هەڵمەتێکی بڵاوەپێکردن و لەناوبردنی گروپ بەڕێوەچوو. تا لە ڕۆژی 18ی مارسی ساڵی 1977 "حەقی قەرار" یاریدەدەری یەکەمی ئۆجەلان بەدەستی گروپێکی سیخوڕی "ستێرکا سۆر" لە چایخانەیەک لە گەڕەکی نووری پازاڕباشی شاری "عەنتاب" لەمیانەی پیلانگێڕییەکدا بەدەستی سیخوڕ "عەلائەددین قاپان" تیرۆر دەکرێت.

بە تیرۆرکردنی حەقی قەرار لەلایەن ئەو ڕێکخراوە سیخوڕییەوە، گروپی ئاپۆچێتی دەکەوێتە بەردەم دووڕیانێکی چارەنووسازەوە، ئایا بەردەوامی بە تێکۆشان بدەن و ئەو ڕووداوە بکەنە زەمینەی قەڵەمبازێکی چۆنایەتی، یان دەستبەرداری تێکۆشان ببن و ئەو ڕووداوە بێ وەڵامێکی ڕاستەقینە بهێڵنەوە؟ ڕاستترین وەڵام بۆ ئەو پیلانگێڕییە چییە و چۆن حەقی قەرار بە نەمری بمێنێتەوە و ببێتە پێشەنگی مەعنەوی تێکۆشان؟ ئەمانە گرنگترین پرسیارگەلێک بوون کە دوای گیانلەدەستدانی حەقی قەرار ڕووبەڕووی ئۆجەلان و تێکۆشەرانی گروپ بووەوە. ئۆجەلان و تێکۆشەرە دڵسۆزەکانی ناو گروپ بە بڕیارەوە پێداگری لەسەر مەزنکردن و تۆکمەکردنی تێکۆشانی گروپی ئاپۆچێتی دەکەن. پاشان ئەو بە بڕیاربوونەی ئۆجەلان و تێکۆشەرانی تری ئاپۆچی لەگەڵ خۆیدا بیرکردنەوە لە هەنگاونان بەرەو بەپارتیبوونی هێنایەدی.

ئیتر لەساڵی (1977)وە تا بەرپابوونی کودەتای سەربازی (12)ی سێپتەمبەری ساڵی (1980) چەندین ڕێکخراوی فاشیستی و چەپی تورکی و ڕێکخراوی کوردی دژایەتی تەڤگەری ئاپۆچییان دەکرد. هەندێک لەو ڕێکخراوانە دژایەتی خۆیان گەیاندە ئاستی کوشتن و هێرش و پەلاماردانیش. لەمیانەی ئەو هێرش و پەلاماردانانەشدا بەدەیان کادیر و لایەنگری تەڤگەری ئاپۆچییان لەناوبرد.

بەڵام سەرەڕای ئەو هێرش و پەلامارانە ئۆجەلان و شۆڕشگێڕانی گروپی ئاپۆچێتی گوڕ بە تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆیان دەدەن. ئۆجەلان لەبەهاری ساڵی (1977)وە تا (1)ی مانگی مای (1977) لە کوردستاندا زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بۆ کادیرانی پێشکەوتووی تەڤگەرەکە ئەنجام دەدات. ئەو سیمینارانە وەک ئامادەکارییەکە بۆ نووسینی ڕەشنووسی بەرنامەی پارتی. ئەم زنجیرە کۆبوونەوەیە بەماراتۆنی کۆبوونەوەکان دەناسرێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا؛ لەپاییزی (1977)دا ئۆجەلان دەست بە نووسینی یەکەم ڕەشنووسی پرۆگرامی پارتییەکی سیاسی کرد و لە زستان و بەهاری (1978)یشدا لە شێوەی نامیلکەیەکدا بەئامانجی پەروەردەیی و تاوتوێکردن و وەرگرتنی بیروڕای کادیرانی گروپ، بەسەر تەواوی کادیرانی تەڤگەرەکەدا بڵاو کرایەوە. دواتر ئەو ڕەشنووسە بووە بنەمای پرۆگرامی پەکەکە و لە کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندندا پەسند کرا.

هاوکات لەگەڵ ئامادەکاری بۆ هەنگاونان بەرەو بە پارتیبووندا، هێرش و پەلامارەکانی دژ بە ئەندام و هۆگرانی تەڤگەرەکەش بەردەوام بوو. لە ڕۆژی (9)ی مارسی 1978 دا پارێزەر "حەسەن ئایدن لەعەنتاب بەدەستی گرووپی ڕزگاریخوازانی گەل (هەلقن قورتولوش) دەکوژرێ.

لە مانگی مای ساڵی (1978) لەشارۆچکەی حیلوان "خەلیل چاوغون" ئەندامی گرووپی ئاپۆچی لەلایەن عەشیرەتی سلێمانانەوە تەقەی لێدەکرێ و گیانی خۆی لەدەستدەدات. لەبەرامبەر ئەمەدا، لەهەمان ساڵدا (1978)دا لەشارۆچکەی "حیلوان" تەڤگەری ئاپۆچێتی چالاکییەکی لەدژی سەرۆک جاش و سەرۆکی عەشیرەتی سلێمانان ئەنجام دەدەن و لە ئاکامدا سەرۆک عەشیرەتەکە و چەندین بەکرێگیراوی ئەو عەشیرەتە دەکوژرێن، لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا "حیلوان" دەکەوێتە دەستی ئاپۆچییەکانەوە، ئەوانیش دەسەڵات بە جەماوەری شارۆچکەکە دەسپێرن.

لەلایەکی تریشەوە، هەموو ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارت دەگاتە قۆناخی کۆتایی و لە ڕۆژانی 26 و 27 مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 1978 لەگوندی "فیس"ی سەر بە قەزای"لیجە"ی شاری "ئامەد"، بەئامادەبوونی بیستو دوو کەس، کە دوویان کچ بوون، یەکەم کۆنگرەی تەڤگەری ئاپۆچێتی بەڕێوە دەچێ و لەو کۆنگرەیەدا پارتیا کارکەرێن کوردستان پەکەکە دادەمەزرێت و ئاشکراکردنی دامەزراندنی پەکەکە دەهێڵرێتەوە بۆ کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکی مەزن و بەکاریگەر. بڕیاری ڕاگەیاندنی لەدایکبوونی پەکەکە هاوکاتی ئەنجامدانی چالاکییەک بوو لەبەرامبەر سەرۆک عەشیرەت و سەرۆک جەردەوانی بەناوبانگی ئەوکاتەی حیلوان محەمەد جەلال بوجاک.

وێڕای کەمی ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی چالاکیی ڕاگەیاندنەکە، لە ڕۆژی 30 مانگی جولای ساڵی 1979 لەگوندی "قرباشی"ی سەر بە شارۆچکەی "حیلوان"ی سەر بە شاری "ئورفە" چالاکییەکە لەبەرامبەر "محەمەد جەلال بوجاک"ی سەرۆکی عەشیرەتی بوجاک و لەهەمانکاتدا سەرۆک جەردەوان لەلایەن ئاپۆچییەکانەوە ئەنجام درا و لەئاکامدا "محەمەد جەلال بوجاک" بەبریندارى خۆی ڕزگار دەکات. ئەمە یەکەم چالاکی فەرمی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، بەم چالاکییە وەک بڕیاربوو؛ دامەزراندنی پەکەکە ڕادەگەیەندرێت. لەو چالاکییەدا کادیری پەکەکە "ساڵح کەنداڵ" بریندار دەبێت و پاشان گیانی لەدەست دەدا.

ڕاگەیاندنی لەدایکبوونی پەکەکە دەبێتە کۆتایی قۆناخێک و دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ لە مێژووی گەلی کورد و تورکیا و هەرێمەکە و جیهاندا.

لەڕێکەوتی نێوان (27 ـ 24)ی دێسەمبری ساڵی (1978)دا دەوڵەتی تورک بەهاوکاری هێزە فاشیستەکانی ئەوکاتە کۆمەڵکوژییەکی مەزن لەشاری "مەرعەش" ئەنجام دەدات، ئەم کۆمەڵکوژییە وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر پەرەسەندنی تەڤگەری ئاپۆچێتی و لەدایکبوونی پەکەکە و وەک هەنگاوێکیش بۆ بەرپاکردنی کودەتایەکی سەربازی ئەنجام درا. لەو کۆمەڵکوژییەدا بەسەدان کەس کوژران. هەروەها شانبەشانی ئەو کۆمەڵکوژییەش "ڕەوشی ئاوارتە"ی لە(13) پارێزگا کە (10) یان لە باکووری کوردستان بوو، ڕاگەیاندرا .

بەڵام ئاپۆچییەکان هەر زوو دەرکیان بەوە کردبوو کە وەڵامی هەرە ڕاست و شۆڕشگێڕانە بۆ ئەو کۆمەڵکوژییە تۆکمەکردنی باوەڕ و ئیرادەی تێکۆشانەی ئازادیخوازانەیە. تەنانەت ئۆجەلان بەر لە بەرپابوونی کودەتاکە بەماوەیەک، پێشبینییەکانی خۆی بۆ ئەگەری بەرپابوونی کودەتایەک باس دەکات و بە پێویستی دەبینێت کە تەگبیری پێویست وەربگیردرێت .

ئۆجەلان لەسەرەتای مانگی تەمموزی ساڵی (1979)دا بە هاوکاری ئەندامی پەکەکە بە ناوی "ئەدهەم ئەکچان" کە دواتر لە شەڕی ڕزگاریدا گیانی لە دەست دا، تورکیا و باکووری کوردستان بەجێدێڵێت و بەنهێنی بەرەو باشووری ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا دەڕوات و لەوێ لەماڵی خزمێکی "ئەدهەم ئەکچان" لە شارۆچکەی کوبانێ، بەنهێنی ماوەیەک دەمێنێتەوە .

هەر لەهەمان ساڵدا ئۆجەلان لە دیمەشق ڕێکخراوە فەلەستینییەکان دەناسێت و پەیوەندییان لەگەڵدا دەبەستێت، بۆ ئەوەی لە لوبناندا لەکامپی پەروەردەیی فەلەستینییەکاندا کادیرانی پەکەکە پەروەردەی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و گەریلایی ببینن هەوڵی زۆریان لەگەڵ دەدات تا بەوە ڕازیان دەکات کە لە کامپەکەیاندا پەروەردە ببینن. هەر لەکۆتایی هەمان ساڵدا بەدەیان کادیری پەکەکە بۆ مەشق و پەروەردە بینین بۆ کامپی فەلەستینییەکان لە لوبنان بەڕێدەکەون.

هەر لەساڵی (1979)یشدا، لەهەڵبژاردنی شارەوانیدا، لەشارەکانی حیلوان و باتمان لایەنگرانی پەکەکە لەهەڵبژاردنەکاندا سەردەکەون. بەڵام دوای (3) مانگ سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی باتمان "ئەدیب سۆڵماز" لەلایەن دەوڵەتەوە تیرۆر دەکرێت. ئەو ئەزموونەی شارەکانی حیلوان و باتمان بەنموونەیەکی دیموکراتیانەی دەسەڵاتی گەل دادەنرێت، هەروەها ئەمە یەکێکە لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەبواری تێکۆشانی مەدەنی و یاساییدا.

وەک ئۆجەلان مەزەندەی دەکرد، لە ڕۆژی 12ی سێپتەمبری ساڵی 1980دا کودەتایەکی سەربازی لە تورکیا ئەنجام دەدرێت و بەهەزاران کەسی مەدەنی دەکوژرێن و بەدەیان هەزار کەسی دیکەش دەخرێنە زیندانەکانەوە و بڕیاری داخستنی سەرجەم پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەدرێت و حوکمی جۆنتای سەربازی لە تورکیا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ. هەروەها لە هەموو تورکیا و باکووری کوردستاندا ڕەوشی ئاوارتە ڕادەگەیەندرێ. لەو هەڵمەتەدا بەسەدان کادیر و هەزاران لایەنگری پەکەکە و کەسانی وڵاتپارێزیش دەستگیر دەکرێن. بەگشتی نزیکەی 4 هەزار کادیر و ئەندام و لایەنگری پەکەکە دەخرێنە زیندانەکانەوە.

ئیتر لەهەموو ڕوویکەوە قۆناخێکی نوێ و دژوار بوو، ئەوەی ئۆجەلان مەزەندەی دەکرد ڕوویدا. کودەتای سەربازی وڵاتی کردبووە ئۆردوگایەکی سەربازی و میلیتاریزم باڵی خۆی بەسەر هەموو بوارێکدا کێشابوو. لەبنچینەدا سەرەکیترین ئامانجی کودەتاکە لەناوبردنی تەڤگەری ئازادی پەکەکە بوو. بەڵام ئۆجەلان بەو پێشبینییەی بۆ بەرپابوونی ئەو کودەتایەی کردبووی، کۆچکردنیشی بۆ دەرەوەی وڵات وەک تەدبیرێکی پێشینە و وردبینانە، ڕێک لەئانوساتی خۆیدا ئەنجام دا. بەڵام ئەوەی بەلای ئۆجەلانەوە گرنگ و بایەخدار بوو، بێبایەخکردن و پووچەڵکردنەوەی ئامانجی سەرەکی کودەتا بوو. بۆیە پێویست بوو ئەو کۆچکردنە بۆ دەرەوەی وڵات ببێتە قۆناخی خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات و هاوێشتنی هەنگاوێکی نوێ لەتێکۆشان و قەڵەمبازێکی مێژوویی لە بەرخۆداندا.

لەو چوارچێوەیەدا، لەپێناو هەڵسەنگاندنێکی نوێی دۆخی کودەتا و فاشیزمی میلیتاریستانەی ڕژێمی 12ی سیبتەمبەر لەلایەک و لەلایەکی ترەوە هەڵسەنگاندنی دۆخی تەڤگەر لە کۆچبەری و لەناو وڵات، لە(15)ی تەمموزی (1981)دا یەکەمین کۆنفرانسی پەکەکە لە لوبنان ئەنجام دەدرێت و تەڤگەر لەکۆنفرانسەکەدا؛ لەنێوان ژیانی کۆچبەری تەڤگەر و گەڕانەوەی بۆ وڵاتدا، لەنێوان تێکۆشان و دەستبەردان لە بەرخۆداندا بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵات و ئامادەکاری بۆ دەستپێکردن بە تێکۆشانی پڕوپاگەندەی چەکداری و دەستکردن بەتێکۆشانی گەریلایی دەدرێت.

لەزیندانەکانیشدا؛ کە هەزاران دۆست و ئەندام و کادیر بەر هەڵمەتی ڕەشبگیری کودەتاچییەکان کەتبوون و دەستگیر کرابوون، بۆ ئەوەی تەسلیمییەت پەسند نەکەن ڕووبەڕووی دژوارترین شێوازەکانی ئەشکەنجە و ستەمکاری و سوکایەتیکردن بوونەوە. بەڵام کودەتاچییەکان لەبەرامبەر ئیرادەی بەرخۆدانی ئاپۆچییەکاندا چۆکیان دا. بەمەش کودەتای میلیتاریستی 12 ی ئەیلول سەرەتا لە زیندانەکاندا و لەبەرامبەر بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانی پەکەکەییدا شکستی هەرە مەزنی خۆی دەخوات. پێشەنگی ئەو بەرخۆدانییەش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە مەزڵوم دۆغان بوو.

لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی (1982)دا "مەزڵوم دۆغان" لەژێر دروشمی" بەرخۆدان ژیانە، تەسلیمییەت مردنە"دا لە ژووری (9)ی قاتی (4)ی زیندانی "ئامەد"دا ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و گیانی لەدەست دەدات. ئەمەش دەبێتە هۆی زنجیرە چالاکییەکی بەرخۆدانخوازانی لە زیندانی ئامەد و دواتر ئەو بەرخۆدانە لە زیندانەکانی دیکەی باکوور و تورکیاش پەرەدەسێنێت.

لە کاتژمێری نێوان دوو تا سێی شەوی 18ی مانگی تەمموزی ساڵی (1982)دا لە هۆڵی (33)ی قاتی (2)ی زیندانی "ئامەد"دا بۆ بەردەوامکردنی چالاکییە بەرخۆدانییەکەی "مەزڵوم دۆغان" کادیرانی دیکەی پەکەکە وەک "فەرهاد کورتای، مەحمود زەنگین، ئەشرەف ئانیک و نەجمی ئۆنەر" بەدروشمی "بەرخۆدان ژیانە، تەسلیمییەت مردنە" هەر چواریان بەیەکەوە ئاگر لەجەستەی خۆیان بەردەدەن، لەنێو گڕ و کڵپەی ئاگری جەستەی خۆیاندا، هەرچواریان بەهاوارێکی ئاگرینەوە، بەوشەی پڕ لەبلێسەوە هاواردەکەن؛ با کەس ئاگری جەستەمان نەکوژێنێتەوە، هەرکەسێک بیکوژێنێتەوە خیانەتمان لێدەکات. بەدەم هاوار و دروشمی پڕ بە گڕەوە هەر چواریان گیان لەدەست دەدەن و دەبنە مەشخەڵی ڕێگای بەرخۆدانی ئازادیخوازانەی ئەو تەڤگەرەی مەشخەڵئاسا کاروانێکی بێپسانەوەی بەرەو لوتکەی سەرکەوتن هەڵکشاندووە. چالاکییەکەی ئەو چوار کادیرە ئاپۆییە بە"چالاکی شەوی چوار قارەمانەکە" لە نێو ئەدەبیاتی پەکەکەدا دەناسرێت.

کاروانی بەرخۆدانی زیندانیانی پەکەکەیی ڕاناوەستێت و خاو نابێتەوە. هەر هەنگاوێکی بەرخۆدانی دەبێتە تەواوکاری هەنگاوەکانی دوای خۆی و بناخەی هەنگاوێکی تری بەرخۆدانخوازانێتی. ئەمەش سروشتی ئەو تەڤگەرەیە.

لە ڕۆژی 14ی مانگی تەمموزی ساڵی 1982دا " محەمەد خەیری دوورموش، کەمال پیر، عاکیف یڵماز و عەلی چیچەک" دەستیان بەمانگرتن لەخواردن تامردن(ڕۆژووی مردن) کرد. پاشان هەڤاڵانی تریشیان تەڤلی ئەو چالاکییە دەبن. دوای ( 55 تا 65 ) ڕۆژ لە مانگرتن هەر چوار پێشەنگ دەبردرێنە نەخۆشخانەی سەربازی "دیاربەکر" و هەموویان لەوێ، بەدوای یەکدا گیان لە دەست دەدەن؛

کەمال پیر لە ژووری (1)ی قاتی(4)دابوو، لەرۆژی 7ی سێپتەمبەری هەمان ساڵدا گیانی لە دەست دەدات.

محەمەد خەیری دوورموش لە ژووری (3)ی قاتی (4)دابوو، لەرۆژی 12ی سێپتەمبەردا گیانی لەدەست دەدات.

عاکیف یڵماز لە قاتی (3)دابوو، لەرۆژی 15ی سێپتەمبەردا گیانی لەدەست دەدات.

**عەلی چیچەک لەرۆژی 17ی سێپتەمبەردا گیانی لەدەست دەدات.**

**لەکاتێکدا زیندانی ئامەد و زیندانەکانی تر دەبنە شاهیدی مێژووییترین چالاکی بەرخۆدانڤانی، لە کامپی فەلەستینییەکان، لە دۆڵی بیقاعی لوبنانیشدا، لەپێناو وەڵامدانەوەیەکی هێژای ئەو بەرخۆدانەی زیندان ئامادەکارییەکان لەهەموو رووێکەوە لەپێناو گەڕانەوە بۆ وڵات بەچڕوپڕی بەردەوامە. ئۆجەلان لەمڕووەوە شەو و رۆژی خۆی دەکاتە یەک تا توانست و هێزی قەڵەمبازێکی بێوێنە بئافرێنێت.**

**لەو چوارچێوەیەدا؛ ئامادەکاری بۆ دووەمین کۆنگرەی پەکەکە دەکرێت. بۆئەوەی هەموو ئامادەکارییەکان بگەیەنرێتە ئاستی رێنماییەکی کرداری و بەبڕیاربوونێکی تۆکمە. هەر ئەو کاتەی ئامادەکاری بۆ سازدانی کۆنگرە دەکرێت شەڕ و پێکدادانەکانی رۆژهەڵاتی ناوین، لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا دەگاتە ئاستێکی دژوارتر لەجاران. تا ئەو رادەیەی لوبنانیش دەبێتە گۆڕەپانێکی ئەو شەڕ و پێکدادانە.**

**لەساڵی (1982)دا سوپای ئیسرائیلی هێرشەکانی خۆی بۆ سەر کامپی فەلەستینییەکان لە لوبنان و تەواوی باشووری لوبنان چڕتر دەکاتەوە. لەوکاتەدا پەکەکە لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی ئیسرائیل بۆ سەر باشووری لوبنان و کەمپی فەلەستینییەکان، لە بەردەم دووڕیانێکی مێژوویی و ویژدانی دابوو؛ ئایا بڕیاری پشتیوانیکردن لە گەلی فەلەستین و لوبنان بدات و بە لەبەر چاوگرتنی هەموو مەترسییەکان ئامادەی هەموو جۆرە فیداکارییەک بێت؟! یان هەلپەرستانە و بەدوور لە پرەنسیپی هاوپشتیوانێتی گەلانی ژێردەستە، هاوکاری فەلەستینییەکان لەرۆژانی بێتوانستیدا لەیاد بکات و خۆی لەو شەڕە دژوارە بەدوور بگرێ و گەلی فەلەستین و بزاڤەکەی بەتەنیا بەجێبهێڵێت؟! ئەمە بۆ پەکەکە پرسێکی گرنگ و جەوهەری بوو. بۆیە پەکەکە بەگەڕانەوە بۆ جەوهەری فەلسەفەی ئازادیخوازانەی خۆی، بوێرانە بڕیاری پشتیوانیکردن لە گەلی ئازادیخوازی فەلەستینی و لوبنانی دەدات. بەمەش گەریلا تازە پەروەردەبووەکانی پەکەکە لە شارەکانی بەیروت، حەسبایا، ئەلدامور، سەیدا سور.. بەگشتی و لە قەڵای شەقیف و قەڵای سەلاحەددینی ئەیوبی بەتایبەتی، بەرخۆدانێکی مەزن لەبەرامبەر سوپای ئیسرائیلییەکان ئەنجام دەدەن. بەمەش جەوهەری پرەنسیپی برایەتی و هاوپشتیوانێتی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد بە کرداری و لە دۆخی هەرە دژواردا بەدیار دەکەوێت. ئەو بەرخۆدانە بە گیانلەدەستدانی یازدە گەریلا و بەدیلگیرانی یازدەی تر دەبێتە نموونەیەکی تری بەرخۆدانڤانی و کاریگەرییەکی مەزنیش لەسەر پەیوەندی پەکەکە و هێزە شۆڕشگێرەکانی ئەوکاتەی عەرەب دادەنێت.**

**دوای ئەو شەڕ و پێکدادانە کە بۆ پەکەکە رێز و شکۆدارییەکی زیاتری بەدەستهێنا، لە رۆژی (20)ی ئۆگۆستۆسی (1982)دا، لە دۆڵی بیقاعی لوبناندا، دووەمین کۆنگرەی پەکەکە ئەنجام دەدرێت. لەو کۆنگرەیەدا لێبڕاوانە بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵات و دەستپێکردن بە تێکۆشانی گەریلایی دەدرێت. ئیتر دوای کۆنگرە بەشێوەیەکی کرداری گەڕانەوە بۆ وڵات دەست پێدەکات و پۆل پۆل گەریلا دەگەڕێنەوە بۆ وڵات.**

**لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا ناکۆکی و ململانێی نێوان پارت و رێکخستنەکانی باشووری کوردستان گەیشتبووە قۆناخێکی خوێناوی مەترسیدار، کە رێی لەبەردەم تراژیدیای گەورە دەکردەوە، ئەو دەرفەتە زێڕینەشی لەدەست دەدا کە رووخانی رژێمی شای ئێران و شەڕی نێوان ئێراق و ئێران رەخساندبوونی. بۆ ئەوەی چیدی کوردان خوێنی یەکتر نەڕژێنن و توانستی خۆیان و گەلەکەیان بەفیڕۆ نەدەن و تێکۆشان بگەیەننە سەرکەوتن، پەکەکە بەئامانجی ئاشتبوونەوەیەکی گشتی و ئاواکردنی بەرەیەکی هاوبەشی سەرجەم پارت و لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، دەستەیەک لەپەیامبەری ناوبژیوانێتی لەژێر بەرپرسیارێتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە "محەمەد قەرەسوونگور" دەنێرێتە باشوور و لە قەندیلدا لە هەوڵی ناوبژیوانێتیدا دەبن. بەڵام لەوکاتەدا لە رۆژی 3ی مای ساڵی 1983دا شەڕ و پێکدادانێک لەنێوان هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی ئێراق روودەدات. لەئانوساتی ئەو شەڕەدا محەمەد قەرەسونگور و کادیری پێشکەوتوو "ئیبراهیم بیلگین" گیانی خۆیان لە دەست دەدەن و سێ لە هەڤاڵانیشیان دیل دەکرێن. بە گیان لەدەستدانی ئەو دوو کادیرەی پەکەکە ئەو هەوڵی ناوبژیوانێتییەی پەکەکە و پرۆژەی ئاواکردنی بەرەیەک بۆ پارت و لایەنە کوردییەکان ناکامگیر نابێت و شەڕی نێوخۆیی ئەوکاتەی نێوان هێزەکانی باشووریش هەر بەردەوام دەبێت.**

**وێڕای گیانلەدەستدانی یەکەم فەرماندەی گەریلای پەکەکە ئامادەکارییەکان بۆ هاوێشتنی قەڵەمبازێکی مێژوویی لەبواری تێکۆشانی گەریلاییدا بەردەوام دەبێت و لە نێوان ساڵەکانی (1982 ـ 1984)دا چەندین پۆل و یەکینەی گەریلاکانی پەکەکە لەسەر سنووری نێوان باکوور ـ باشووری کوردستان لە لۆلان و خواکورک و خنێرە و چەندی هەرێمی تری سەر سنوور جێگیر دەبن و دەست بە پروپاگەندەی گەریلایی و تێکۆشانی چەکداری دەکەن و خەریکی تەواوکردنی ئامادەکارییە کردارییەکان بوون بۆ دەسپێکردنی خەباتی گەریلایی لەباکووری کوردستاندا.**

**گەریلاکان بە دڵی پڕ لەجۆشوخرۆش و بە چاوی پڕ لە هیوا و بە هزری پڕ لەباوەڕ و ئیرادەوە چاوەڕێی تەقاندنی یەکەم فیشەک بوون. ئەو فیشەکەی هەر لەگەڵ تەقاندنیدا کۆتایی بە مێژوویکی شووم و نەفرەتلێکراو دێنێت و سەرەتای مێژوویکی نوێی پڕ لەرووناکی و شکۆمەند دەستپێدەکات. هەموو گەریلاکان چاوەڕێی گەیشتنی رێنمایی تەقاندنی یەکەم فیشەک بوون. لە خەیاڵ و هزر و چاوانی ئەو گەریلایانەدا تەقاندنی یەکەم فیشەک بەرووی دەوڵەتێکی خاوەن یەک ملیۆن سەربازی تەواو پڕچەککراو و ئەندام لەناتۆ، حەقیقەتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام بەلای ئەو دەوڵەتەوە، دوای دامرکاندنەوەی بیستوهەشت سەرهەڵدانی کوردان، تەنانەت خەون بینین بە تەقاندنی تاقە فیشەکێکیش لەلایەن کوردانەوە، لەدەرەوەی هەموو مەزەندە و بیرکردنەوەکان بوو.**

**بەڵام زۆری پێناچێت، ئەو فیشەکە بەدەستی عەگیدێکی ئەفسانەیی کوردان دەتەقێنرێ و دڕ بەتاریکی و ستمکاری و داگیرکاری دەدات و حەقیقەتە چاوەڕوانکراوەکە لەئەروە و شەمزینان بەرجەستە دەبێت .**

له (15)ی ئابی (1984)دا دوای ئامادەکارییەکی چڕوپڕ بە فەرماندەیی و سەرپەرشتی (مەعسوم قۆرقماز) ناسراو بە عەگید لە شارۆچکەکانی" ئەروە . شەمزینان" هەڵمەتی گەریلایی دەستپێدەکات و یەکەم فیشەک دەتەقێنرێت. بەمەش خەباتی گەریلایی پەکەکە دەستپێدەکات و قەڵەمبازێکی مێژوویی لە مێژووی تێکۆشانی پەکەکە و گەلی کورد دەهاوێشترێت. هەروەها لەگەڵ ئەو هەڵمەتەدا، بە بەیاننامەیەک، هێزی رزگاری کوردستان (هەرەکە) دامەرزاندنی خۆی رادەگەیەنێت.

ئیتر تێکۆشانی چەکداری، بە شێوازی گەریلایی، دەبێتە راستیەک و سەرتاپای ئەو تەلیسم و وەهمانەی رەواندەوە کە دەگووترا هیچ هێزێک ناتوانێت بەرەنگاری ئەرتەشێکی یەک ملیۆنی و ئەندام لە ناتۆ ببێتەوە، هەروەها کۆتایی بەکاریگەری ئەو مەیلەش هێنا کە دەیگووت: ( با ژیانی "پەنابەرێتی تەڤگەر" پەسند بکەین، با نەگەڕێینەوە کوردستان، ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان دەگەڕێتەوە مردن). ئیتر تێکۆشانی گەریلایی بووە شێوازی تێکۆشانی شۆڕشی ژیانەوەی گەلی کوردستان.

تەڤگەری پەکەکە، وەک چۆن لە گۆڕەپانی تێکۆشانی گەریلاییدا قەڵەمبازێکی هاوێشت و خۆی گەیاندە ئاستی بەرێکخستنبوون و چالاکی نواندن، ئەوا بەهەمان شێوە لەبواری رێکخستنی چین و توێژەکانی جەماوەریشدا لەنێوا ئامادەکارییەکی بەرفراواندا بوو.

لە نەورۆزی ساڵی (1985)دا بەرەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان (ئەنیا رزگاریا نەتەوا کوردستان، ئەرنەکە ) دامەزرا. ئەم بەرەیە لە رێکخستنە جەماوەری و دیموکراتییەکانی گەلی کوردستان پێکهاتبوو .

بەرێکخستنبوونی هەموو چین و توێژە وڵاتپارێزەکان و بەشداربوونی چالاکانە لەتێکۆشانی ئازادی و گردبوونەوە لەبەرەیەکی نەتەوەیی و دیموکراتیدا جەوهەری گەلەری و جەماوەریانەی تەڤگەری پەکەکەی زیاتر خستەڕوو. ئەمەش کاریگەرێتی کودەتای سەربازی و ئاستەنگییەکانی دۆخی مانەوە لە دەرەوەی وڵاتی بەلاوە نا و گۆڕەپانێکی رێکخستنی و سیاسی بۆ تێکۆشانی گەل لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات ئافراند و لەئاستێکی تۆکمەدا یەکتر تەواوکردنێک لەنێوان تێکۆشانی گەریلایی و تێکۆشانی سیاسی و جەماوەری بەدیهات. جاری یەکەم بوو، لەتێکۆشانی ئازادی کورداندا، دەرەوەی وڵات بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی، ببێتە گۆڕەپانێکی گرنگی تێکۆشانی رێکخستنی، سیاسی، دیبلۆماسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی و پشتیوانییەکی بەهێزی خەباتی ناوەوەی وڵات بکات.

بەڵام دەزگا سیخورییەکانی دەوڵەتی تورک و هەندێک لەو وڵاتانەی کوردانی لێ نیشتەجێن، لەنێو هەوڵدانی بەرفراوان و چڕوپڕ دابوون، تاکو راستینەی تەڤگەری ئازادیخوازانەی پەکەکە و کوردان لەپێش چاوی گەلی کورد و رای گشتی جیهان بشێوێنن و ناوی بزڕێنن و لە جەماوەری گەل دایببڕێنن و دەرفەتی ئەوەی پێنەدەن لە سەکۆ نێودەوڵەتییەکاندا دۆزی رەوای گەلی کورد بخاتە رۆژەڤەوە.

ئەوەبوو لە ڕۆژی 28ی فێبریوەری ساڵی 1986دا "ئۆڵف پاڵمە"ی سەرۆک وەزیری سوێد تیرۆر کرا، پاڵمە کە کەسایەتییەکی ئەنتەرناسیۆنال و سۆسیال ـ دیموکرات بوو و هەروەها سەرۆکی پارتی سۆسیال ـ دیموکراتی سوێدیش بوو، دەزگای ئیستخباراتی تورکی میت، و چەندین دەزگای سیخوری بە ئامانجی ناوزڕاندنی پەکەکە لە ئەوروپا، ئەو تاوانەیان دایە پاڵ پەکەکە. بەڵام پاش ماوەیەک لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی زۆر، راستینەی پیلانەکە ئاشکرا بوو و ئەم تاوانە لە سەر پەکەکە لابرا و چەند ئەندامێکی پەکەکە کە هەر بەو بۆنەیەوە گیرابوون پاش قەرەبووکردنەوەی غەرامەت و داوای لێبوردن لێیان، ئازاد کران.

لەساڵی 1986دا لەکاتێکدا تێکۆشانی گەریلایی تادەهات ئەنجامی گرنگی بەدەستدەهێنا و دەروازەی لەبەردەم پێشکەوتن و گۆڕانکاری مەزن دەکردەوە، لەلایەکی ترەوە، ئۆجەلان و تەڤگەری پەکەکە لەرووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و رێکخستنی و کردارییەوە، لەنێو ئامادەکارییەکی چڕوپڕ دابوون بۆ ئەنجامدانی سێیەمین کۆنگرەی پەکەکە. بۆ شیکردنەوەیەکی قووڵی دۆخی سیاسی و رەوشی رێکخستنی و هەڵسەنگاندنی ئەو کێشە و گرفتانەی لەئاستی رێکخستنی و کەسایەتییدا لەنێو تەڤگەردا دەرکەوتبوون و گەیاندنیان بە تێگەیشتن و چارەسەری، ئۆجەلان لەنێو قووڵبوونەوەیەکی هزری مەزن دابوو. لەکاتێکدا تەڤگەر لەنێو ئامادەکارییەکی وەها دابوو، فەرماندەی ئەفسانەیی و فەرمانداری گشتی هێزی رزگاری کوردستان هەرەکە، مەعسوم قۆرقماز بە ئامانجی بەشداربوون لە سێیەمین کۆنگرەدا بەرێدەکەوێت، بەڵام لەرێگادا لەرێکەوتی 28ی ئاداری 1986دا لە چیای گابار رووبەڕووی بۆسەیەکی ئەرتەشی تورک دەبنەوە، لەئاکامی پێکدادنێکی دژواردا عەگید گیانی ئەفسانەیی خۆی بە تێکۆشان و بە خاکەکەی دەسپێرێت.

فەرماندە عەگید وەک چۆن کاتێک لەتێکۆشاندا بوو رۆڵێکی پێشەنگانەی مەزنی لە جێبەجێکردنی قەڵەمبازی 15ی ئابدا بینی، ئەوا بە گیان لەدەستدانیشی پێداگری لەسەر تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەریلایی تۆکمەتر و جێگیرتر کرد.

دوای هەموو ئامادەکارییە ئایدیۆلۆژیی و سیاسی و رێکخستنی و کردارییەکان، لە 25ی مانگی ئۆکتوبەری ساڵی 1986دا کۆنگرەی سێیەمی پەکەکە لە کامپی پەروەردەیی لە دۆڵی بیقاعی لوبنان بەسترا.

لەو کۆنگرەیەدا ئۆجەلان رێبەری تەڤگەری پارتی کرێکارانی کوردستان شیکردنەوەیەکی پڕ گرنگی سەبارەت بە تاک، کۆمەڵگا، سۆسیالیزم، سۆسیالیزمی بنیادنراو و بەسوپاییبوونی گەریلا و پارتیبوون و مەیلە تەسفیەگەرییەکان پێشکەشی کۆنگرە کرد. هەر لەو کۆنگرەیە دابوو کە ئۆجەلان شیکردنەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵناسی و هزری بۆ کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی تەڤگەری کرد و گووتی:" ئەوەی لێرەدا شیدەکرێتەوە ئەمرۆ نییە، مێژووە، شەخس نییە، کەسێتی و کۆمەڵگایە". هەر لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری ئاواکردنی "ئارتەشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ئارگەکە " درا و ئاکادیمیای پەروەردەیی دۆڵی بیقاعیش بە ناوی فەرمانداری گەریلا "مەعسوم قۆرقماز درا.

سێیەمین کۆنگرەی پەکەکە لەبنچینەدا کۆنگرەی خستنەڕووی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و یەکلاییکردنەوەی هێڵی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە بوو. بۆیە ئەو کۆنگرەیە پێگەیەکی گرنگی لەمێژوو تەڤگەری پەکەکەدا هەیە.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی تێکۆشانی تەڤگەری ئازادیخوازی گەل و تۆکمەبوونی ئیرادەی سەربەخۆی پەکەکە، دەوڵەتانی هاوکار و هاوپشتیوان لە شەڕی دەوڵەتی تورکیشی تەنگەتاو کردبوو. بەڕادەیەک ئەو دەوڵەتانە لەدەوڵەتی تورک زیاتر دژایەتی تەڤگەریان بە ئەرکی بنچینەیی خۆیان دەزانی. لەم ڕووەوە حکومەتی ئەوکاتەی ئەڵمانیا هەڵوێستی دژبەرانەی خۆی بە کرداری ئاشکرا کرد و ستراتیژیی: یان تەسلیمگرتن و بەخۆوە وابەستەکردن یان فشارهێنان و لەناوبردنی بەبنەما وەرگرت. لەو چوارچێوەیەدا لە ساڵی 1988دا حکومەتی ئەڵمانیا "دوران کاڵکان و عەلی حەیدەر قەیتان " و چەند ئەندامێکی دیکەی پەکەکەی گرت و خستنییە زیندانەوە. ئەڵمانیا دەیویست لە کەسایەتی ئەو کادیرانەی پەکەکەدا؛ تێکۆشانی پەکەکە و خەباتی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. بەڵام بەرگریکردنی رەوایانە و یاساییانەی ئەو کادیرانەی پەکەکە لە دادگایی دۆسڵدۆرفدا، وایکرد کە ئاراستەی دادگاییەکە بە بەرژەوەندی حکومەتی ئەڵمانیا بەڕێوە نەچێت و لەئەنجامدا ئەو کادیرانە ئازادکران.

چەندە تێکۆشانی گەریلایی پێشدەکەوت ئەنجامگیرتر دەبوو، بەو رادەیەش دەوڵەتی تورک فشار و گوشارەکانی دژ بە گەلی زیاتر دەکرد. بەڵام گەلیش بەهەنگاوی دلێرانە و جەربەزانە وەڵامی ئەو گوشار و فشارانەی دەدایەوە و زیاتر لەدەوری ئەو تێکۆشانەدا گردەبوونەوە و گوڕیان بەتێکۆشانی خۆیان دەدا و بەرۆحی بەرخۆدانی نەورۆزیانەی کاوەی سەردەم مەزڵوم دۆغان بە ئاگری جەژنی نەورۆز دڕیان بە تاریکی ستەمکاری و داگیرکاری دەدا. ئەگەر دوێنێ لە کونجی زیندانی ئامەددا مەزڵوم دۆغان بە جەستەی خۆی جەژنی نەورۆزی پیرۆز کرد و پەیامی بەرخۆدانی نەتەوەیی دا، ئەوا ئەمجارەیان لەسەر قەڵای ئامەد و بەگڕی جەستەی کەنیشکە کوردێک نەورۆز پیرۆز دەکرێت و پەیامی "بەرخۆدان تا ئازادی بەردەوامە" دەدات. لەنەورۆزی ساڵی (1990)دا کچە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی زانکۆی دیجلە "زەکیە ئاڵکان" لەسەر قەڵاکەی شاری ئامەد گڕی لەجەستەی خۆی بەردا و بەگیانی خۆی ئاگری نەورۆزی پیرۆز کرد.

ئیتر بەگڕی گیانی زەکیە ئالکان نەورۆزی ساڵی 1990 دەبێتە نەورۆزی بەرخۆدان و سەرهەڵدان و لەنەورۆزی (1990)وە تا ساڵی (1992) لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستاندا سەرهەڵدانی گەل بەرپا بوو. تێکۆشان گەیشتە ئاستێکی جەماوەری، گەل بە ئافراندنی سەرهەڵدانی جەماوەری سیاسەتی میلیتاریستی ریسواکرد و زەبرێکی گەورەشی لە سیاسەتی لەیەک جیاکردنەوەی ماسی و ئاو دا، بەمەش گەل بە سەرهەڵدان و گەریلاش بە بەرخۆدان ئاوێتەی یەکتر بوون .

سەرهەڵدانی گەل دەستپێدەکات. سەرەتا گەریلای ئارگەکە (کامەران دوندار) ناسراو بە زانا لە ڕۆژی 10ی مارسی ساڵی 1990 لە ماردین لەگەڵ هەڤاڵی خۆی گیانیان لە دەستدا، بەو هۆیەوە گەل ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت و دەیگەیەنێتە ئاستی سەرهەڵدان و لە شارۆچکەی نسێبیندا سەرهەڵدان دەستپێدەکات. دواتر لە"جزیرە" و "بۆتان" یش سەرهەڵدان بەرفراوان دەستپێیکرد و لەنێو سەرهەڵدانەکەدا کادیری شۆڕشگێڕ (بنەوش ئاگال) ناسراو بە بێریڤان لەساڵی (1992) لە "جزیرە" گیانی لە دەستدا.

لە مانگی گوڵانی ساڵی (1990)دا کۆنفرانسی نەتەوەیی دووەمی پەکەکە بەسترا. رۆژەڤی گشتی کۆنفرانسەکە هەڵسەنگاندنی پراکتیکی دوای سێیەمین کۆنگرە بوو، لەو کۆنفرانسە چەمکی چەتەگەرێتی شیکرایەوە و مەحکوم کرا و بڕیاری تێکۆشان لەدژی چەتەگەرێتی درا.

هەر لەپاییزی هەمان ساڵدا کۆنگرەی چوارەمی پەکەکە لە کوردستان بەسترا. کە نوێنەری هەر چوار پارچەی وڵات و کوردەکانی دەرەوەی وڵات تێیدا بەشدار بوون. ئەم کۆنگرەیە بە کۆنگرەی نەتەوەیی ناودێر کرا. لەم کۆنگرەیەدا، بڕیاری مەزنکردنی سوپای گەریلا و فراوانکردنی شەڕ و پێشخستنی سەرهەڵدانی گەل لەباکووری کوردستان درا. هەروەها بڕیار درا کە ئەنجوومەنی نەتەوەیی دابمەزرێت، کە بتوانێت رۆڵی پەرلەمانی گەلێکی بێ قەوارە ببینێت. لەم کۆنگرەیەدا ئۆجەلان دۆخی ئەو کاتەی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان بەقووڵی هەڵدەسەنگێنێت و پێشبینی ڕوودانی گۆڕانکاری مەزن لە رۆژهەڵاتی ناوین و ئێراق و تورکیا و باشوور و باکووری کوردستان دەکات و ئەوە دەستنیشان دەکات کە بەهۆی پەرەسەندنی قەیرانی کەنداوەوە، لەبەردەم لایەن و پارتە کوردییەکان و خەڵکی باشوور دەرفەتی زێڕین دێتە پێشەوە و توانستی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکان لەباشوور دەخوڵقێت.

لە ساڵی (1991)دا بۆیەکەمین جار کۆنفرانسێکی تایبەت بە زیندانیانی زیندانەکانی تورکیا و باکووری کوردستان لە ئەکادیمیای مەعسوم قۆرقماز لە "دۆڵی بیقاع" دا سازدرا. لەو کۆنفرانسەدا دۆخی زیندانیان لە زیندانەکاندا هەڵسەنگێنرا و لەلایەن ئۆجەلان و بەشدارانی کۆنفرانسەکەوە سەبارەت بەهەردوو مەیلی بەرخۆدان و مەیلی تەسفیەگەرایی و تەسلیمییەت خوازی ناو زیندانەکان و سیاسەتی دەوڵەت لەبەرامبەر زیندانیان شیکردنەوەیەکی بەرفراوان پێشکەوت .

لەبەهاری ساڵی 1991دا لەگەڵ بەرپابوونی راپەڕینی جەماوەری گەل لەباشووری کوردستان دژ بەرژێمی دیکتاتۆری بەعس، گەریلاکانی ئەرتەشی رزگاری گەلی کوردستان ئارگەکەش، بەشداری لە بەجۆشکردنی راپەڕینەکە لەهەرێمی بادینان دەکەن و بەشێوەیەکی کردرایش لەگەڵ جەماوەردا رۆڵێکی بەرچاو لە ئازادکردنی زاخۆ و گوند و شارۆچکەی تری نزیک بە سنوور دەبینن. بۆ جاری یەکەم بوو گەریلا لەباشووردا هاوشانی گەلەکەی خۆی بکەوێتە نێو چالاکییەوە. بەم بەشداربوونەی گەریلا لەسەرهەڵدانی جەماوەری باشوور، رۆحی سەرهەڵدانی باکووری کوردستان ئاوێتەی سەرهەڵدانی باشوور بوو و زەمینەیەکی رەخساند تا تێکۆشانی نەتەوەیی باکوور و باشوور یەکبخرێت و ببنە تەواوکەری یەکتری .

لەسەر ئەو بنەمایە، بەئامانجی پاراستنی دەستکەوتەکانی تێکۆشان و راپەڕینی جەماوەری گەل و گردکردنەوەی تێکۆشانی پارچەکان لەدەوری ستراتیژییەکی نەتەوەییدا، لە ساڵی (1991)دا پارتی ئازادی کوردستان (پاک) لەلایەن کادیرانی خەڵکی باشوور کە تا ئەو کاتە لەنێو پەکەکەدا لەتێکۆشان دابوون، دامەزرا. بەڵام هەر زوو ئەو پارتە لەلایەن دەسەڵاتی پارتە کوردییەکانەوە ڕووبەڕووی فشار و پەلامار و هێرشی دژوار بووەوە.

لەباکووری کوردستانیشدا، تادەهات گیانی سەرهەڵدانخوازی گەل بەجۆشتر دەبوو، لە نەورۆزی (1992)دا لەنێو ئەو جۆشو خرۆشەی سەرهەڵدانی گەلدا رەهشان دیمیرال لە شاری ئیزمیر، لەسەر قەلای قەدیفە گڕی لەجەستەی خۆی بەردا و بە جەستەی خۆی جەژنی نەورۆزی پیرۆز کرد. بەمەش نەرورۆز بەشکۆدارییەوە پیرۆز کرا. دەوڵەتیش بۆ کپکردنەوەی ئەو جۆشوخرۆشەی گەل، دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوانی رەشبگیری و رفاندن و گرتن و داپڵۆسین کرد. لەژێر ناوی "کوشتنی بکەری نادیار"دا رێکخراوە داپڵۆسێنەرکانی ژێتەم، حزبوڵلا، کۆنترا گەریلا و چەندین دەزگا و رێکخراوی تر، دەستیان بە کوشتنی خەڵکی وڵاتپارێز و چالاک کرد. بە هەزاران رۆشنبیر، رۆژنامەوان، سیاسەتمەدار، خوێندکار، پیشەوەر و چالاکوانانی بواری مافی مرۆڤ بەهەڵمەتی کوشتنی نادیار کەوتن و زۆربەشەیان گۆربزر و شوێنبزرکران.

لە رۆژی 10ی مانگی تەمموزی ساڵی 1992 ویداد ئایدن سەرۆکی لقی ئامەدی پارتی رەنجی دیموکراتی (دەپ) دەکوژرێت. کوشتنی ویداد ئایدن لەلایەن گەلەوە ناڕەزایەتییەکی گەورەی لێکەوتەوە و لە شاری ئامەددا سەرهەڵدانێکی مەزن روویدا.

لە ساڵی (1992)دا کۆنفرانسی نەتەوەیی سێیەمی پەکەکە بەسترا. لەکۆنفرانسەکەدا دۆخی سیاسی جیهان و ناوچەکە و جیهان کوردستان شرۆڤە کرا. پراکتیکی خەباتی گەریلایی، رێکخستنی، سیاسی هەڵسەنگێنرا و پێداگری لەسەر بەرخۆدان لەسەر هێڵی شۆڕشگێڕی بە مەرجی سەرکەوتن بینرا .

لە رۆژی 4ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1992دا تورکیا بەهاوکاری هەردوو هێزی دەسەلاتدارەکانی باشووری کوردستان و بەپشتیوانی سیاسی و راگەیاندنی ئەمریکا، هێرش کرایە سەر گەریلاکانی پەکەکە و شەڕ هەرێمەکانی وەک حەفتانین، خواکورک و چوقورجەی گرتەوە، کە گەریلاکانی پەکەکەی تێدا جێگر ببوو.

لەهەمان شەڕدا (گوڵناز قەرەتاش) ناسراو بە بێریتان لەخواکورک لە رۆژی 25ی ئۆکتوبەردا دوای ئەوەی فیشەک و تەقەمەنی پێ نامێنێت، تفەنگەکەی خۆی دەشکێنێت و خۆی لەسەر لوتکەی چیادا دەهاوێژێتە خوارێ و گیانی لەدەستدەدا. تورکیا بەو شەڕەی دەگووت"ئۆپەراسیۆنی سەندەویچ" ، لەناو کوردانیشدا بە شەڕی خیانەت و پیلانگێڕی هاوبەشی دژ بە تەڤگەری ئازادی گەلی کورد ناسراوە. لەم شەڕ و ئۆپەراسیۆنەدا هەرچەندە بەئامانجی لەناوبردنی تەڤگەری ئازادی ئەو شەڕە دژ بە پەکەکە بەڕێوەچوو، بەڵام لەمیانەی بەرخۆدانێکی بێوێنەوە ئامانجی ئەو پیلانە پووچەڵ کرایەوە و مەیلی سازشکاری ناو تەڤگەریش شکستی هێنا.

دوای ئەو شکستەی ئۆپەراسیۆنی سەندەویچ، لەناو دەوڵەتی تورکدا بۆ یەکەمجار مەیلی" ئەو کێشەیە بە شێوازی سەربازی و سیاسەتی نکوڵی و قڕکردن و توانەوە چارەسەر نابێت." دەرکەوت. بەمەش ئەو لایەنانەی دەوڵەت، کە تۆرگۆت ئۆزالی سەرۆککۆماری ئەو کاتە سەرکێشی دەکرد، لەرێگەی نامەوە داوای لە تەڤگەری پەکەکە کرد کە ئاگربەست رابگەیەنێت تا ئەوان بتوانن لەناو دەوڵەتدا هەنگاو بۆ چارەسەری بنێنن.

لەئاکامدا؛ لەپێناو تێگەیشتنی نیازی راستەقینەی دەوڵەت و هەنگاونان بۆ چارەسەرییەکی سیاسیانەی دۆزی کورد، لەرۆژی 17ی مانگی ئاداری ساڵی 1993دا رێبەری گەلی کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییەوە لە دۆڵی بیقاع یەکلایەنە ئاگربەستی راگەیاند و دواتر ئەو ئاگربەستە لەرۆژی 15ی نیسانی هەمان ساڵدا وەک ئاگربەستێکی یەکلایەنەی بێوادە درێژکرایەوە. بەڵام ئەو ئاگربەستە لەلایەن حکومەت و دەوڵەتی تورکیاوە بێ وەڵام مایەوە.

لەگەڵ مردنی گوماناوی تۆرگۆت ئۆزالی سەرۆککۆماری ئەوکاتە پێواژۆی ئاگربەست و دیالۆگی ناراستەوخۆ کەوتە نێو دۆخێکی ئاڵۆزەوە. لەماوەی پێواژۆی ئاگربەستدا زیاتر لە 50 گەریلا بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەرتەشی تورک گیانی خۆیان لەدەست دا.

هەروەها لەرۆژی 24ی گوڵانی 1993دا لەمیانەی پرواکسیۆنێکی دەوڵەتی شاراوە و ئەرگەنەکۆن و ناردنی 33 سەبازی بێ چەک بەبێ پاراستن بە ئۆتۆبیسێک و کوشتنی ئەو سەربازانە لەلایەن شەمدین ساکیکەوە پێواژۆی ئاگربەستی یەکلایەنە کە پەکەکە دەستپێیکردبوو، ئیتر تادێت شەڕخوازان و ئەرگەنەکۆنچییەکان پەرە بە پرواکسیۆنەکانی خۆیان دەدەن و تا لەکۆتاییدا لە ئاگربەستی یەکلایەنە بەتەواوی کۆتایی پێدێت و جارێکی تر شەڕ و پێکدادان دەستپێکردەوە.

لە ساڵی (1994)دا پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لە شاری ژنێف، پەیمانی نێودەوڵەتی بەناوی پەیمانی مافی مرۆڤی ئیمزا کرد، پاش ئیمزاکردنی ئەو پەیمانە پەکەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکو لایەنێکی شەڕ ناسرا .

لەرۆژی نەورۆزی ( 1994)دا بۆ شەرمەزارکردنی سیاسەتی دژە دیموکراتیانەی حکومەتی ئەڵمانیا بەرامبەر بە تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد لە ئەڵمانیا؛ هەردوو کچە کورد "رووناهی و بێریڤان" ئاگریان لەجەستەی خۆیان بەردا و گیانیان لە دەستدا.

لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ساڵی (1994)دا کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکە لەسەر خاکی کوردستان بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا وێڕای شیکردنەوەیەکی دۆخی جیهان و هەرێمەکە و کوردستان، رەوشی رێکخستنی و سیاسی و گەریلایی تەڤگەر بەچڕوپڕی گفتوگۆی لەسەر کرا، مەیلە چەتەگەرێتی و تەسفیەگەرێتییەکان لەگۆڕەپانی گەریلاییدا خرایە بەر لێکۆڵینەوە و مەترسییەکانی خرایە ڕوو. هەروەها بڕیار لەسەر پێداگریکردن لەسەر پێشخستنی پارتیبوون درا.

لەبەهاری ساڵی (1995) سوپای تورکیا بەهاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی بەناوی (ئۆپەراسیۆنی پۆڵایین) بەئامانجی لەناوبردنی پەکەکە ئەنجام دا. بەڵام ئەم ئۆپەراسیۆنە بە ئامانجی خۆی نەگەیشت و تووشی شکستێکی گەورە هات.

لەنەورۆزی (1995)دا لەمیانەی کۆنفرانسێکدا؛ یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان یەنەدەکە لەلایەن کادیران و تێکۆشەرەکانی وڵاتپارێزی نزیک بە پەکەکە دامەزرا، لەو کۆنفرانسەدا کاوە عەلی ناسراو بە د. سیروان بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا، بەڵام هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا، لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوورەوە رووبەڕووی دژایەتیکردن و هەوڵی پارچەکردنی درا. لەساڵی (2000)دا بەهۆی دۆخی ئەوکاتەوە، یەنەدەکە وەک رێکخستن هەڵوەشایەوە.

لەئەنجامی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆیاندا، کوردستانیانی دەرەوەی وڵات توانیان لە رۆژی 31ی مارسی ساڵی 1995، یەکەم کەناڵی ئاسمانی کورد مەد تیڤی (MED -TV) لەئەوروپا بکەنەوە و دەستی بە پەخشی فەرمی خۆی کرد و بووە گۆڕەپانێکی بە کاریگەری تێکۆشانی ئازادیخوازی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا و رۆڵێکی مەزنی لەپاراستن و پێشخستنی زمان و کولتووری کوردیدا بینی.

هەروەها لەلایەن کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبیرییەکان و لایەنە وڵاتپارێزەکانەوە لە رۆژی 21ی ئابریلی ساڵی 1995دا پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات (PKDW) دامەزرا. ئەو پەرلەمانە وەک سەکۆیەکی سیاسی و دیپلۆماسی گەلی کورد رۆڵێکی گرنگی بینی لەناساندنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان لەئاستی ئەوروپادا. ئەو پەرلەمانە لەنوێنەری زۆر پارت و رێکخراوی سیاسی و مەدەنی و کەسایەتی سەربەخۆی هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران پێکهاتبوو.

لە رۆژی 24ی مانگی دێسەمبری ساڵی 1995 جارێکی دیکە پەکەکە ئاگربەستی یەکلایەنەی لەبەرامبەر تورکیا و (پەدەکە) راگەیاند. بەڵام دیسان ئەو ئاگربەستەش لەلایەن دەوڵەت و حکومەتی تورکەوە بێ وەڵام مایەوە.

لە رۆژی (6)ی ئایاری ساڵی (1996) لە پیلانگێڕییەکی بەرفراواندا؛ لە دیمەشقی پایتەختی سوریا ترومبێلێکی بۆمبرێژکراو لەنزیک شوێنی مانەوەی رێبەری گەلی کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان تەقێندرایەوە. لەم پیلانگێڕییەدا ئیستخباراتی چەندین دەوڵەت تێیدا بەشدار بوون. بەڵام پیلانەکە سەرنەکەوت.

لە رۆژی 30 مانگی حوزەیرانی ساڵی 1996دا، کچە گەریلای ئارتەشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان(ئارگەکە) (زەینەب کناجی) ناسراو بە زیلان لە شاری دێرسیم لەنێو ژمارەیەک ئەفسەر و سەربازی ئەرتەشی تورک چالاکییەکی گیانبازی ئەنجام دا و لەئاکامدا بەدەیان سەرباز و ئەفسەری تورکی کوژران.

لە رۆژی 4ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1996 کاوە عەلی ناسراو بە دکتۆر سیروان، سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان "یەنەدەکە" لەنزیک گوندی "قەڵاچووغەی سەی کەریم"ی سەر بەناوچەی"ئاغجەلەر" لەلایەن چەکدارانی (پەدەکە)ەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بە ناوەکانی حاجی قامشلۆیی، عەگید گەرمیانی، بابان و دیلان ماردینی دەدرێنە بەر رێژنەی گوللە و لە ئاکامدا گیانیان لە دەستدا .

لە رۆژی 25ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1996 لە شاری ئامەد (لەیلا کاپلان) ناسراو بە رەوشەن لەبەرامبەر فراوانبون و دژواربوونی پیلان و هێرشە هەمەلایەنەکانی دەوڵەتی تورک دژ بە ئۆجەلان و پەکەکە و گەلی کورد، بە چالاکییەکی گیانبازی گیانی خۆی لە دەستدا.

هەروەها لە رۆژی 29ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1996 لە شاری سیواس (گولەر ئاتاچ) ناسراو بە بەرمال بە چالاکییەکی گیانبازی گیانی لەدەستدا.

لە رۆژی 14ی مانگی گوڵانی ساڵی 1997دا ئەرتەشی تورک بەئامانجی لەناوبردنی تەڤگەری ئازادی کوردان ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بەرفراوانی ئەنجام دا و پەدەکەش بەهاوکاری خۆی لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکدا بەشداری کرد و بەو شێوەیە جارێکیتر شەڕ و پێکداادان دەستپێکردەوە.

لەسەرەتای حوزەیرانی ساڵی (1997)دا لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی سەربازیدا بۆ باشووری کوردستان، لە هەرێمی زاب هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورک لەلایەن گەریلاکانی "ئارگەکە"وە بەردرایەوە، کە چەندین گەورە ئەفسەری باڵای تێدا کوژران، بەم شێوەیە دەوڵەتی تورک پاشەکشێی خۆی لە ئۆپەراسیۆنی زاب راگەیاند.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، لە 16ی گوڵانی هەمان ساڵی1997یشدا هێزەکانی (پەدەکە) لە شاری هەولێر هێرشی بردە سەر چەندین بنکە و بیرۆی رێکخراوی سیاسی و دەزگای رۆشنبیری و رۆژنامەوانی نزیک بە تەڤگەری ئازادی و لەئاکامدا بەدەیان شۆڕشگێڕ و کادیری سیاسی و گەریلای نەخۆش و کەمئەندام و هونەرمەند و رۆژنامەوان گیانیان لەدەست دا و بێسەروشوێن بوون.

لە(20)ی ئەیلولی (1997)دا جارێکی دیکە سوپای تورک پەلاماری باشووری کوردستانی دایەوە و دیسان شکستی هێنا.

لە رۆژی 1ی مانگی ئەیلولی ساڵی 1998، بەبۆنەی رۆژی جیهانی ئاشتییەوە و لەپێناو زەمینە خۆشکردن بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی پرسی کورد، پەکەکە ئاگربەستێکی تری یەکلایەنەی راگەیاند. بەڵام ئەو بانگەوازییەی ئاشتی وەک بانگەوازەکانی دیکەی پەکەکە لەلایەن حکومەت و دەوڵەتی تورکەوە بێ وەڵام مایەوە.

لە(1998)دا سەما یوجە لە زیندانی ساغمالجیلەر (لە ئەستەنبوڵ) دژی مەیلە سازشکاریەکانی ناو زیندان و هێرش و شاڵاوەکانی دەوڵەتی تورکیا دژ بە گەلی کورد و تەڤگەرە ئازایخوازەکەی، ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و پاشان دوای ماوەیەک گیان لەدەستدەدا.

زێدەڕۆیی نابێت ئەگەر بگووترێ؛ هیچ گەلێک بەرادەی گەلی کورد پیلانگێڕیتی لەدژدا ئەنجامنەدراوە. رەنگبێ سروشت و پێکهاتەی دڵسافی و سادەیی ئەم گەلە و ژێوپۆلەتیکی وڵاتەکەی و مەیلە ئازادیخوازانەکەی خۆی، کە لەنێو قۆناخی نیۆلۆتیکەوە سەرچاوە دەگرێت، هۆکارێکی بنچینەیی چنینی پیلانگێڕییەکان بێت لەدژیدا.

پەکەکەش وەک تەڤگەرێکی سەربەخۆی ئازادیخوازی هەڵقوڵاوی نێو ئەم گەل و وڵاتە لەبەرامبەر مەیلە ئازادیخوازنەکەیدا زۆرترین و چڕوپڕترین و مەترسیدارترین پیلانگێڕێتی لەدژدا ئەنجامدراوە. سەرجەم ئەو هەوڵە پیلانگێڕییانەی ئەنجامدراون؛ لەناوەندێک یان لەچەند ناوەندێکی هاوبەشدا چنراون و بەڕێوەبراون، کرۆک و ئامانجی سەرجەم پیلانگێڕییەکان؛ سەرەتا دەستپێکردنی کەمپینی ناوزڕاندن و رەشکردنی تەڤگەرە، ئەگەر ئەمەش ئەنجامگیر نەبوو ئەوا هەوڵی بێکاریگەریکردن و مارژینالکردن، ئەگەر ئەمەش ئەنجامگیر نەبوو، هەوڵی پارچەکردن و بەخۆوەگریدان و بەلاڕێدابردن دەدرێت، ئەگەرنا هەوڵی لەناوبردن و تەسفیەکردنی دراوە.

لە 17ی سێپتەمبەری 1998دا بە سەرپەرشتی و هاوکاری ئەمریکا و تورکیا رێککەوتنی واشنتۆن لەنێوان (یەنەکە) و (پەدەکە) ئەنجام درا، لەم رێککەوتنەدا، وێڕای بڕیاری ئاشتبوونەوەی ئەو دوو هێزە، لەهەمان رێککەوتندا، سەبارەت بە تەڤگەری ئازادیش بڕیاری دژایەتی کردنی دەدرێت. هەر دوای ئەو رێککەوتنە؛ لەرێکەوتی 9ی ئۆکتۆبەری (1998)دا، بەتۆمەتی دالدەدانی ئۆجەلان هەڕەشە لەسوریا کرا. ئۆجەلان لە خۆرهەڵاتی ناوینەوە بەرەو ئەوروپا چوو.

رێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕۆژی 9 ئۆکتۆبەری ساڵی 1998 رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەجێهێشت و ڕووی لە یۆنانستان کرد، پاشان چووە مۆسکۆی پایتەختی روسیا. دواتر لە 12 نۆڤەمبەر ئۆجەلان رووی لە رۆما کرد و لەوێ بە پێشکەشکردنی پرۆژەیەکی چارەسەری پرسی کورد لە باکووری کوردستان، ئامادەبوونی خۆی بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو پرسە بە شێوەی سیاسی ڕاگەیاند.

هەر لە گەڵ بیستنی هەواڵی چوونی ئۆجەلان بۆ رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا، کوردان شەپۆل شەپۆل لە هەموو وڵاتانی ئەوروپاوە خۆیان گەیاندە لای ئۆجەلان و بانگی ئەوەیان کرد کە ئێمە دیوارێکی ئاگرین بە دەوری ڕێبەرەکەماندا ساز دەکەین و هەتا چارەنووسی سەرۆکمان ڕوون نەبێتەوە ڕۆما بە جێ ناهێڵین .

کاتێک ئۆجەلان، بەکوردانی ڕاگەیاند کە وڵاتانی ئەوروپایی وەڵامی بانگەوازی ئاشتیخوازانەکەم نادەنەوە و لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا هەڵسوکەوت دەکەن، کوردان دەنگیان خستە پاڵ ئۆجەلان و لە هەموو دەڤەرێک نارەزایەتی کوردان بەرز کرایەوە. کوردەکانی دانیشتووی ئەوروپا خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسیان وەڕێخست و شەو و ڕۆژ لە چالاکی بەردەوامدا بوون. تەنانەت ژمارەیەک کوردیش ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا.

بە هۆی گوشارەکانی تورکیاوە و هاوکات پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی ئەوروپاییدا، هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی ئۆجەلان بایەخیان پێنەدرا و تەنانەت وڵاتانی ئەوروپایی جێگای حەسانەوەو مانەوەشیان بە ئۆجەلان نەدا. وڵاتانی وەک ڕووسیا، ئەڵمانیا، و یۆنان بە شێوەی فەرمی مۆڵەتی مانەوەی ئۆجەلانیان لە وڵاتەکانیان رەتکردەوە. بۆیە ئۆجەلان نێردرایە نایرۆبی پایتەختی کینیا و لەوێ لەمیانەی هاوکاری سیخوڕی نێوان دەزگا سیخوڕییەکانی ئیسرائیل، ئەمریکا، یۆنان و کینیا و چەندین دەزگای تری ئیستخباراتی، ئۆجەلان دەسگیر کرا و ڕۆژی 15ی فێبریوەری (شوبات) ڕادەستی دەوڵەتی تورک کرایەوە و هەر ئەو ڕۆژەش بەرەو تورکیا ڕفێندرا و لەزیندانی ئیمرالی لەنێو رەوشێکی پڕ دژواردا لەژوورێکی تاکەکەسیدا زیندانیکرا.

وەک دژکردەوە بەرانبەر بەپیلانگێڕی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ناپاکی حکومەتی ئەوکاتەی یۆنان و ڕۆڵی هەرە مەزنی ئەمریکا لەم پیلانگێڕییەدا، کوردان و ئازادیخوازان لە هەموو گۆشە و کەناری جیهان هەستانە سەرپێ و بە دەنگی بەرز وەفاداریان بۆ ئۆجەلان دووپات کردەوە. گەلی کورد؛ هەم لە کوردستان و هەم لە دەرەوەی وڵات، بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی پڕ لە کڵپەوە، چوونە سەر شەقام و کۆڵانەکان. لە باکووری کوردستاندا ڕۆژ و شەو چالاکییە لە دوای یەکەکان بەردەوام بوون. یەکێک لەو شارانەی کە لە نێو تێکۆشان و چالاکیدا دەهەژا، ئامەد و ناوچەکانی دەوروبەری بوو. لە شار و ناوچەکانی وەک باتمان، وان، سێرت، روحا و دیلۆک بە دەیان زنجیرە چالاکی ئەنجامدران. لە شارە گەورەکانی تورکیا و شارەکانی وەک ئەستەمبوڵ، ئیزمیر و ئەدەنە ژنان و جەوانان شەو و ڕۆژ لە چالاکیدا بوون.

ڕۆژی 3ی ڕەشەممە بە هاتنە سەر شەقامی خەڵکی شاری سنە، خۆپیشاندان و نارەزایەتییە بەرفراوانەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەستی پێکرد. هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان بردە سەر خۆپیشاندانی شاری سنە و 17 کوردی ڕاپەریوی ئەو شارەیان شەڵاڵی خوێن کرد. شاری سنەی خوێناوی جارێکی دیکە و لە بەرەبەری نەورۆزێکی دیکەدا خەڵتانی خوێن بوو. خەڵکی شارەکانی ورمێ، مەهاباد، سەقز، کامیاران، پیرانشار، سەردەشت و زۆربەی هەرە زۆری شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان بە سەرهەڵدان کرد. لەشاری مەریوان 4 کەس لە خۆپیشاندانەکاندا بەدەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران. لە شاری ورمێ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و لە ئاکامدا، 3 کەس کوژران. لە شاری ماکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردان لەلایەن بنکە پاسەوانییەکانی ئەرتەشی تورک لە ناوچەی ئۆرگەلی سەر سنووری تورکیا هێرشیان کرا سەر. لە شاری سەڵماسیش کوردان ڕژانە سەر شەقامەکان و نەفرەت و بێزاری خۆیان لە دژی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دەربڕی.

لە شار و ناوچەکانی باشووری کوردستانیش نارەزایەتی و پرۆتیستۆی کوردان لە هەموو لایەک دەستی پێکرد. زیاتر لە 50 هەزار کورد لە شاری سلێمانی بۆ بەردەم بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو شارە ڕێپێوانیان ساز کرد و دەنگی بێزاری خۆیان لە بەرانبەر دۆخی ئۆجەلان بەرز کردەوە.

گەورەترین خۆپیشاندان لە مێژووی کوردەکانی دانیشتووی ئەوروپا هەر لەو سەردەمەدا هاتە ئاراوە، ئەوروپا لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی خۆپیشاندانی واگەورە و کەم وێنەی بە خۆوە نەدیبوو. سیاسەتمەدارانی ئەوروپا لەئاستی کۆبوونەوەی سەدان هەزار کەسی کوردان پەشۆکابوون. شەو و ڕۆژ باڵوێزخانەکانی، تورکیا، ئەمریکا، ئیسرائیل و یۆنان لە گەمارۆی پۆلیسدا بوون و بە هەمان شێوەش کوردان بەردەم ئەو باڵوێزخانانەیان چۆڵ نەدەکرد.

مادلێن ئوڵبرایت، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمریکا دانی بەوەنا کە ئەوان حیسابی هەڵەیان کردبوو و قەد پێیان وانەبوو، ئۆجەلان و پەکەکە ئەو پێگە جەماوەرییە ڕێکخستووەی لە نێو کورداندا هەیە.

له فێبریوەری ساڵی (1999)دا شەشەمین کۆنگرەی پەکەکە سازدەدرا، لەئانوساتی بەستنی کۆنگرەکەدا هەواڵی رفاندن و دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی دەبیسترێت... ئیدی کۆنگرە دەستبەرداری رۆژەڤە ئاساییەکانی خۆی دەبێت و بڕیاری بەرزکردنەوەی شەڕ و بەرخۆدانی نەتەوەیی دەدات..

دەکرێ لەو پیلانگێڕییانەی کە لەبەرامبەر رێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پەکەکە و گەلی ئازادیخوازی کورددا ئەنجامدراون کۆی ئەزموونی پیلانگێڕێتی مێژووی مرۆڤایەتی ببینین. واتا لەناواخن و شێوازەکانی ئەو پیلانگێڕییانەدا سەرجەم شێواز و تاکتیک و نەخشە و ئامرازە بەکاربراوەکان بەکارهاتوون. بۆیە پیلانگێڕییەکان نموونەی هۆڤانەترین و مەترسیدارترین پیلانگێڕیین. لەکۆی ئەو پیلانگێڕییانەدا پەیامێک یان ئامانجێکی زلهێزە باڵادەستەکانی جیهانی و داگیرکەرانی کوردستان خۆی حەشارداوە، ئەویش ئەمەیە:" نابێ لە خۆرهەڵاتی ناوین بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هیچ هێز، تەڤگەر و سیستەمێکی سەربەخۆ و ئازاد سەرهەڵبدات، ئەگەر سەریشهەڵبدات ئەوا مسۆگەر مەحکومی ناوزڕاندن، بێکاریگەرکردن، مارژیناڵکردن، پارچەکردن و بەخۆوەگرێدان، بەلاڕێدابردن و لەناوبردنە" سەرجەم ئەو شێواز و تاکتیکانەش شێواز و تاکتیکی پیلانگێڕیین.

له ساڵی (1999)دا لەپێناو دروستکردنی زەمینەی دیالۆگ و ئاشتی و چارەسەری، بڕیاری کشاندنەوەی سەرجەم هێزەکانی گەریلا لە تورکیا و باکووری کوردستانەوە بۆ سەر سنووری باشوور دەدرێت. لەکاتی کشاندنەوەی هێزەکانی گەریلا بۆ سەر سنووری باکوور – باشوور بەدەیان لە پۆلەکانی گەریلا رووبەڕووی بۆسە و هێرشەکانی ئەرتەشی تورک بوونەوە و بەدەیان گەریلا، کە بەمەبەستی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتی دەکشانەوە، گیانیان لەدەستدا.

هەر لە 29ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا دوو گروپی ئاشتی بە مەبەستی نیشاندانی نیازپاکی و داخوازی دیالۆگ و ئاشتی بەرەو تورکیا بەرێدەکەون. ئەم دوو گروپە یەکێکیان لەناو هێزەکانی گەریلا و ئەوەی تریشیان لە ئەوروپاوە هەڵگری نامە و پەیامی ئاشتی و نیازپاکی بوون و ئەو نامەیە ئاراستەی سەرۆککۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکوەزیران و سەرۆک ئەرکانی گشتی کرابوون. بەڵام هەر لەگەڵ گەیشتنی هەردوو گروپەکە دەستگیر کران و هیچ وەڵامێکی ئەو نامانەیان نەدایەوە.

له زستانی ساڵی (2000)دا حەوتەمین کۆنگرەی پەکەکە بەشێوەیەکی ئاوارتە ساز درا و لەو کۆنگرەیەدا بڕیار لەسەر گۆڕانی ستراتیژی پەکەکە درا.

له مانگی سێپتەمبری ساڵی (2000) یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەنەکە) دوای داخستنی چەندین دامودەزگای مەدەنی نەتەوەیی لەشاری سلێمانی، پەلاماری کەمپی پەروەردەیی قەرەداخی دا و پاشان هێرش و شاڵاوەکانی خۆی بۆ سەر چیای قەندیل دەستپێکرد و شەڕ و پێکدادان پەرەیسەند... لەئاکامی بەرخودانی گەریلاکانی هێزی پاراستنی گەل (هەپەگە) ئەو هێرش و پەلامارانەی یەنەکە بێ ئەنجام مایەوە.

لەساڵی (2001)دا شەشەمین کۆنفرانسی پەکەکە سازدرا. لە هاوینی هەمان ساڵدا، یەکەمین کۆنفرانسی هێزی پاراستنی گەل (هەپەگە ) سازدرا. بڕیاری هەرە گرنگ پێداگریکردن بوو لەسەر پابەندبوون بەمافی بەرگری رەوا، لە ئەگەری هەر هێرش و پەلامارێکدا. هەروەها لەکۆنفرانسەکەدا ئەکادیمیای ئەفسەری گەریلایی کرایەوە.

له ساڵی (2002)دا هەشتەمین کۆنگرەی پەکەکە سازدەدرێت. لەم کۆنگرەیەدا ناوی پەکەکە دەگۆڕدرێت و دەبێتە کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان کادەک.

لەکۆتایی ساڵی (2003)دا دووەمین کۆنگرەی (کادەک) سازدەدرێت. لەم کۆنگرەیەدا (کادەک) خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆنگرەی گەلی کوردستان (کۆنگرا گەل) دادەمەزرێت. لەهەمانکاتدا ئەو کۆنگرەیە دەبێتە یەکەمین کۆنگرەی "کۆنگرەی گەل"یش. بەڵام بەهۆی مەیل و جموجۆڵە تەسفییەگەراییەکانەوە سیستەمی کۆنگرەی گەل بەشێوەیەکی راست جێگیر نابێت و لەگەڵ خۆیدا پەرشوبڵاوی دێنێت.

له ساڵی (2004)دا دووەمین کۆبوونەوە (کۆنگرە)ی جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل سازدەدرێت. لەو کۆنگرەیەدا مەیل و جموجۆڵە تەسفیەگەرییەکان زیاتر ئاشکرا دەبن و مەحکوم دەکرێن.

لەڕۆژی1ی حوزەیرانی ساڵی 2004دا لەسەر بنەمای مافی بەرگری لەخۆکردندا؛ هەڵمەتێکی بەرفراوانی بەرگری لەخۆکردن ئەنجام دەدرێت. لەمیانەی ئەو هەڵمەتەدا تەڤگەر خۆی کۆدەکاتەوە و هێرش و پیلانگێڕییەکان بێکاریگەر دەکات و جارێکی دیکە توانستی هەنگاو هاوێشتن بەرەو پێشەوە دەئافرێنێت.

له 9ی نۆڤەمبەری 2004 دا پێنج کادیری تەڤگەری ئازادی بەناوەکانی "شیلان کوبانێ، جەمیل، زەکەریا، فوئاد، جوان" لەمیانەی پیلانێکدا لەلایەن گروپێکی تیرۆریستییەوە لە دەوروبەری موسڵ دەستگیر دەکرێن و پاشان دەکوژرێن. ئەو کادیرانە کە لەهەمانکاتدا لە بەڕێوەبەرایەتی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)شدا بوون، رۆڵێکی گرنگیان لە پێشخستنی تێکۆشانی ئازادی و پاراستنی هێڵی تەڤگەری ئازادیدا بینی.

له نەورۆزی (2005)دا ئۆجەلان لەرێگەی پارێزەرەکانییەوە سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بەناوی کۆما کۆمەڵێن کوردستان (کەکەکە) رادەگەیەنێت و گەلیش لەمیانەی پیرۆزباییەکانی جەژنی نەورۆزی هەمان ساڵدا وەک ریفراندۆمێکی جەماوەری ئەو سیستەمە پەسند دەکات و بە هەڵکردنی ئەو ئاڵایەی ئۆجەلان بۆ (کەکەکە) وێنای کردبوو، خەڵک لەئاهەنگەکانی پیرۆزباییدا ئەو ئاڵایانەیان بەرز کردەوە. لەو کاتەوە (کەکەکە) کە پاشان ناوی گۆڕدرا و بووە کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) یەکەمین سیستەمی گەلە لەمێژوودا کە لەدەرەوەی پێکهاتەی دەوڵەتگەراییەوە دادەمەزرێت و بەڕێوە دەچێت.

لە نێوان ڕۆژەکانی (15 ـ 22)ی مانگی گوڵانی ساڵی (2005)دا سێیەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل سازدەدرێت و لە کۆبوونەوەکەدا بەفراوانی سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی تاوتوێ دەکرێت و بەتێکڕای دەنگ سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی پەسند دەکرێت و بڕیاری چەسپاندن و جێگیرکردنی دەدرێت. هەروەها وێڕای مەحکومکردنی هێڵی تەسفیەگەریتی بەکرێگیراو، بڕیاری پێداگریکردن لەسەر هێڵێ شۆڕشگێڕیتی ئاپۆچێتی دەدرێت و هەڵمەتی 1ی حوزەیرانی 2004یش بەرز دەنرخێنرێت.

لەشەوی یەک لەسەر دووی فێبریوەری (2006)دا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (پەکەکەی نوێ) و فەرماندارى هێزی پاراستنی گەل (هەپەگە) و یەژا ستار، ڤیان لەناوچەی حەفتانیندا بۆ پرۆتستۆکردنی پیلانگێڕی (15)ی فێبریوەری بەدروشمی"کاتێک گووتن بێواتا دەبێت نۆرەی چالاکی دێت، ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات. ڤیان بەرلەوەی چالاکییەکەی ئەنجام بدات، نامەیەکی 24 لاپەڕەیی لەدوای خۆیدا بەجێدێلێت. دوای گیانلەدەستدانی ڤیان، لەلایەن گەریلاکانی هەپەگە و یەژاستار و جەماوەری باشوورەوە، بەشکۆداری بەخاک سپێردرا.

لە مارسی هەمان ساڵدا ژنە یۆنانی ئەلەفتەریا فۆرتاکی لە یۆنانستانەوە دژ بەسیاسەتی گۆشەگیری لەسەر ئۆجەلان و کوشتوبڕکردنی گەلی کورد و بێدەنگی وڵاتەکەی و وڵاتانی تری ئەوروپا لەئاست هەموو ئەو ستەم و نادادییەی دژ بەکوردان دەکرێ، ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و گیانی خۆی لەدەست دەدات.

لە بەهاری ساڵی (2006)دا چوارەمین کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل سازدرا. لەکۆبوونەوەکەدا وێڕای هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسی و ڕێکخستنی، جەخت لەسەر جێبەجێکردنی سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی لە گۆڕەپانەکاندا کرایەوە.

لەمیانەی وردبوونەوە لە مێژووی تەڤگەری پەکەکەدا، ڕۆڵ و پێگەی ئۆجەلان وەک ئافرێنەر و بنیادنەری تەڤگەری پەکەکە دەردەکەوێتە ڕوو، ئۆجەلان بەتێکۆشانی مەزن و بەردەوامی فەلسەفی، هزری، ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕێکخستنی خۆی سیما و گەوهەری بەم تەڤگەرە داوە و پێشیخستووە و مەزن و فراوانی کردووە. سەرچاوەی بنچینەیی هزری، باوەڕی، مۆراڵ، جورئەت و فیداکاری و قارەمانێتی هێز و ئیرادەی تەڤگەر و گەل ڕۆڵگیربووە و ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتی سەرجەم قۆناخ و قەڵەمبازەکانی کردووە. هەروەها لەکەسێتی خۆیدا سیستەمێکی هزر و ژیان و پراکتیکی هاوچەرخ و رادیکاڵی بەرجەستە کردووە و خۆی لەنێو ڕۆح و هزر و ژیان و پراکتیکی تەڤگەر و گەلیشدا تواندۆتەوە و وەک فەلسەفە و پارادیگمایەک بۆ ژیانەوەی نەتەوەیی و ئافراندنی کەسێتی و کۆمەڵگایەکی ئازاد ئاوێتەگیر بووە.

لەگەڵ هەڵکشانی تێکۆشانی تەڤگەری پەکەکەدا؛ پیلانگێڕییە دەرەکی و نێوخۆییەکانیش لەبەرامبەر ئەو تەڤگەرە بەگشتی و کەسێتی ئۆجەلان بەتایبەتی، تا هاتووە چڕوپڕ و شەڕانگێزتر بووە. تەوەری سەرەکی زۆربەی پیلانگێڕییەکان لەدەوری کەسێتی ئەودا خولاوەتەوە. چونکە ئەو ڕاستییە دەرکی پێکراوە کە ئافرێنەری فەلسەفە و سیستەمی تێکۆشان و ژیانی ئەم تەڤگەرە (ڕێبەر ئۆجەلان)ە.

لە ڕۆژی 31ی جولایی 2007دا پارێزەرانی ئۆجەلان لە ئەوروپادا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند کە ئۆجەلان لە زیندانی ئیمرالیدا بە ماددەی سترانسیۆم و کرۆم ژەهرخوارد کراوە. بەمەش بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو پلانگێڕییەی ژەهرخواردنە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەچەندین شێوە دەستیان بە چالاکی شەرمەزارکردن کرد.

هەر داوی ئەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەدا بە بەشداری (68) کەس، (18)یان هەمیشەیی و (50)یان بەنۆرە لەبەردەم بینایەی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لە ستراسبۆرگ دەستیان بە مانگرتنی بێکۆتایی کرد، بەمەبەستی شەرمەزارکردنی پیلانی ژەهرخواردکردنی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان و فشارخستنە سەر ڕێکخراوی دژ بە ئەشکەنجە (CPT)بۆ ئەوەی دەستەیەک پزیشکی سەربەخۆ سەردانی ئیمرالی بکات و بەزووترین کات پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدرێت و چارەسەر بکرێت و لە زیندانی ئیمرالی دەربخرێت. ئەو چالاکییە (39)ی خایاند. ئەو ڕێکخراوە لەژێر فشاری ئەو چالاکییانەدا سەردانی ئیمرالی کرد.

ڕۆژی 1ی ئۆکتوبەری هەمان ساڵدا لەچوارچێوەی تێکۆشان بۆ ڕاوەستاندنی زوڵم و تیرۆری دەوڵەتی تورکیا و وڵاتانی تری سەردەستی کوردستان و زەمینە خۆشکردن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و ئازادی ئۆجەلان، هەڵمەتی" ئیتر بەسە" بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیاندرا...

لە مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا لە چوارچێوەی هەڵمەتی ئیدی بەسەدا، لە سلۆپی شەرناخ، نوسەیبین، مێردین، باتمان، وان، جۆڵەمێرگ و شەرناخ، کۆبونەوەی جەماوەری بە شکۆ ساز کران. لە ڕۆژی 25ی نۆڤەمبەردا زیاتر لە 100 هەزار کەس لە ئامەد لە هەڵمەتی ئیدی بەسەدا بەشداریان کرد و داوا لە تورکیا کرا کە کۆتایی بە هێرش و گوشارەکانی بۆ سەر گەلی کورد بێنێ و لە گەڵ بزووتنەوەی کورد زمانی دیالۆگ و وتووێژ بەکار بێنێ.

لە ئەوروپاش بە دەیان هەزار کورد لە هەڵمەتی ئیدی بەسەدا لە وڵاتانی ئەڵمان ، فەرەنسا، سویسرا، هۆڵەند، بەلژیک، بریتانیا و ئوتریش بەشداریان کرد. گەورەترین هەڵمەت لە ڕۆژی 15 دیسامبر لە شاری دوسلدۆرفی ئەڵمان بەڕێوە چوو کە بە دەیان هەزار کەس بەشدار بوون و درووشمی ئیدی بەسەیان وتەوە.

هەروەها لەمیانەی بەشداربوونی ملیۆنان کەس لە کەمپینی " من بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک ئیرادەی سیاسی خۆم دەبینم و دەبێت بە موخاتەب وەربگیردرێت" ریفراندۆمێکی جەماوەری بوو بۆ دەرکەوتنی ڕۆڵی چارەنووسازانە و بە موخاتەب وەرگرتنی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە چارەسەری پرسی کورد و سەقامگیرکردنی ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی گەلان.

**لە 5 ی نۆڤەمبەری ساڵی 2007دا بە هۆی باوبۆرانەوە خدر خرینگە ناسراو بە عاکیف ئەندامی کۆردیناسیۆنی پژاک و فەهمی ڕۆستەمی ناسراو بە سیروان ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پژاک لە چیای قەندیل گیانیان لەدەست دا.**

**لە ڕۆژی 30 نۆڤەمبەری ساڵی 2007دا کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) و دیوانی سەرۆکایەتی کۆنگرەی گەل پرۆژەیەکی چارەسەری بەناوی "جاڕنامەی چارەسەری دیموکراتیانە"ی لە حەوت خاڵدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد پێشکەش کرد. بەڵام ئەم پرۆژەیە بە پیلانگێڕی و ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانی سەربازی وەڵام درایەوە.**

**لەشەوەکانی (15 ـ 16)ی مانگی دیسەمبەری ساڵی (2007)دا (53) فرۆکەی جەنگی سوپای تورک گوندەکانی باشووری کوردستانیان بۆردومان کرد. لە ئاکامی ئەو بۆمبارانانەدا (2) گوندنشینی بناری قەندیل و (5) گەریلا گیانیان لەدەستدا و بەدەیان کەسیش بریندار بوون. هەروەها چەندین نەخۆشخانە و خوێندنگا و خانووی گوندنشین وێران کران و بەسەدان سەر مەڕیش لەناوچوون.**

**لەگەڵ پەرەسەندنی هەڕەشەکانی ئەرتەشی تورک بۆ لەناوبردنی پەکەکە و هەوڵدان بۆ داگیرکردنی باشوور، گەریلاکانی هەپەگە لە میانەی ئەنجامدانی چالاکیەکانی ئۆرەمار و بێزەڵێدا، پەرلەمان و حکومەت و ئەرتەشی تورکی هوشیار کردەوە کە لەئەگەری هەر لەشکرکێشییەک بەئامانجی لەناوبردنی تەڤگەری ئازادی و داگیرکردنی باشووری کوردستان، ئەوا ڕووبەڕووی گەورەترین شکست دەبێتەوە. بەڵام وێڕای ئەو هۆشدارییەی هەپەگە، دوای ئەوەی لەڕۆژی 17ی ئۆکتۆبەری 2007دا پەرلەمانی تورکیا بڕیاری سنووربەزاندن و لەشکرکێشی بۆ سەر باشووری کوردستانی دا، ئەرتەشی تورکیش کە پێشتر زیاتر لەساڵێک دەبوو ئامادەکارییەکی بەرفراوانی سیاسی، ڕاگەیاندنی، دیبلۆماسی، لۆجیستی و سەربازی دەکرد، بە دەیان هەزار سەربازی ئەرتەشی تورک بەئامانجی زەبر وەشاندن و لەناوبردنی تەڤگەری ئازادی کورد و داگیرکردنەوە دەربازی باشووری کوردستان کرد. بەڵام لەئەنجامی بەرخۆدانێکی 8 ڕۆژەی گەریلاکانی هەپەگە لە زاب و هەڵوێست نواندنی بوێرانە و نەتەوەییانەی خەڵکی بامەڕنێ و ئانیشکێ و تەواوی گەلی کوردستان، ئەو لەشکرکێشییەی ئەرتەشی حکومەتی تورک دووچاری گەورەترین شکست بووەوە، بەناچاری و بەشکستخواردوویی بەپەلە پاشەکشەیان کرد. لە ئاکامی ئەو لەشکرکێشییەی ئەرتەشی تورک سەدان سەرباز کوژران، 9 گەریلاش گیانیان لەدەست دا.**

**لەبەردەوامی هێرشی فرۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی تورک بۆ سەر هەرێمی پاراستنی مەدیادا لەڕۆژی 1ی گوڵانی 2008دا 6 کادیری چاپەمەنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بەناوەکانی (ڕامان جاوید، ویداد ئامەد، ئەرگەش باوەڕ، دیاکۆ بەختیاری، ئارمانج مەریوانی، هێرش مهاباد ) گیانیان لەدەست دەدەن.**

**پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لە نێوان ڕۆژەکانی 21 و 30ی ئوگۆستی 2008دا، 10هەمین کۆنگرەی خۆی بەست. کۆنگرەی دەیەمین لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو و لەودا نوێنەر لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتەوە بەشداری کۆنگرە بوون و دوا ڕووداوەکانی کورستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین بە بەرفراوانی هەڵسەنگێندران. یەکێک لە پەیامە هەرە گرینگەکانی کۆنگرەی دەیەمینی پەکەکە ئەوەبوو کە دەوڵەتی تورکیا بە هێرشی سەربازی ناتوانێت پرسی کورد چارەسەر بکات و پەکەکەش پێداگری لەسەر هێڵی چارەسەری دیموکراتی و ئاشتیانەی ئۆجەلان دەکاتەوە و لەئەگەری هەر هێرش و پەلاماریکیشدا بۆ سەر نرخ و بەها نەتەوەییەکان لەئاستێکی بەرزدا ئامادەی هەموو جۆرە بەرخۆدانێکن.**

**لە 13ی ئاداری 2009دا کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە، لەپێناو دەستپێکردنی پێواژۆیەکی نوێ بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و چارەسەرکردنی دیموکراتیانەی پرسی کورد و هەروەها لەپێناو دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی شارەوانییەکان لە باکووری کوردستان و تورکیا دۆخی بێچالاکی تا 31ی ئادار ڕاگەیاند.**

**لە 29ی ئاداری 2009دا پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی دەتەپە لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکاندا، وێڕای هەموو فشار و ساختەکارییەک لەهەڵبژاردنەکاندا 99 شارەوانی بەدەستهێنا. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا شکستێکی گەورەی بۆ پارتەکانی دەوڵەت (ئاکاپە، جەهەپە، مەهەپە) هێنا.**

**لە 31ی ئاداری 2009 دا جارێکی دیکە دۆخی بێچالاکی لەلایەن کەجەکەوە درێژکرایەوە. هەروەها لە لەمانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا بۆ جاری دووەم دۆخی بێچالاکی درێژ کرایەوە.**

**لە19ی ئۆکتۆبەری 2009دا لەچوارچێوەی پێشنیاز و ڕێنماییەکانی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دوو دەستە لە پەیامبەرانی ئاشتی، دەستەیەک لە چیای قەندیل و دەستەیەکی تریش لە وارگەی مەخمور لەلایەن کەجەکەوە بۆ باکوری کوردستان و تورکیا نێردران. لەگەڵ ناردنی ئەو دوو دەستەیەی پەیامبەرانی ئاشتیدا، کەجەکە نامەی نیازمەندی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانەیان بۆ سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیر، سەرۆکی پەرلەمان و سەرفەرمانداری ئەرتەشی تورک نارد.**

**لەگەڵ بەڕێکەوتنی هەردوو دەستەی پەیامبەرانی ئاشتی، جەماوەر بە جۆشوخرۆشێکی مەزنەوە، بەکەرنەڤاڵێکی شکۆدارەوە لەباشووری کوردستان بەدەیان هەزار کەس ئامادەی بەڕێکردنی پەیامبەرانی ئاشتی بوون، لە باکووری کوردستانیشدا بە ملیۆنان کەس بە جۆش و دڵخۆشییەکی بێوەنەوە پێشوازیان لێکردن.**

**بە ناردنی پەیامبەرانی ئاشتی هەم نیاز و پێداگیری گەلی کورد و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی بۆ ئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانە خشتەڕوو، هەمیش پەردەی لەسەر ڕاستینەی بێچارەیی و بێ پرۆژەیی دەوڵەت و حکومەتی تورکیای هەڵماڵی.**

**بەهۆی کاردانەوەی پراواکسیۆنانەی حکومەتی ئاکاپە و دەوڵەتی تورک لەبەرامبەر ناردنی گروپەکانی ئاشتی و پێواژۆی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانە، سێیەمین گروپی ئاشتی کە وابڕیار بوو لە ئەوروپاوە بچنە باکووری کوردستان و تورکیا، لەراگەیاندنێکدا لەرۆژی 27ی ئۆکتۆبەردا گروپەکە چوونی خۆیان بۆ کاتێکی نادیار دواخستووە.**

**لەئاکامی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەیدا، لەرۆژی 10ی نۆڤەمبەری 2009دا بۆ یەکەمینجار بەشێوەیەکی فەرمی گفتوگۆ لەسەر پرسی کورد کرا، کەجەکە بەر لە دەستپێکردنی گفتوگۆکی ناو پەرلەماندا لەراگەیاندنێکی فەرمیدا بە شەش خاڵ پێشنیازەکانی خۆی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاشتی و چارەسەری سیاسی و دیموکراتیانەی پرسی کورد خستەڕوو. دانان بە هەبوونی گەلی کورد و بەرۆژەڤکردنی پرسی کورد لەپەرلەمانی تورکیا یەکێکە لە بەرهەم و دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی تێکۆشانی 35 ساڵەی گەلی ئازادیخوازی کورد.**

**لە 17ی نۆڤەمبەری ساڵی 2009دا بۆ یەکەمجار 5 زیندانی دۆزی پەکەکە بۆ زیندانی ئیمراڵی گوازرانەوە. ناوەکانیان بەم شێوەیەن: شێخمووس پۆیراز، جومالی کارسوو، هەقی ئالکان، حەسبی ئایدەمیر و بایرام کایماز.**

**لەبەرامبەر سیاسەتی نکوڵیکارانەی دەوڵەتی سوریا دژ بەکورد بەگشتی و زیندانیانی سیاسی کورد بەتایبەتی، نزیکەی 300 زیندانی دۆزی پەکەکە و پەیەدە لە زیندانی ناوەندی عەدرا لە دیمەشقی پایتەختی سوریا لە 30ی ئۆکتۆبەری 2009 دەستیان بە مانگرتنێکی کراوە کرد و بۆ ماوەی 40 رۆژ بەردەوام بوو و لە 9ی دێسەمبەردا کۆتاییان بە مانگرتنەکە هێنا.**

**دوای ئەوەی رێبەری گەلی کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان شوێنی زیندانییەکەی گۆردرا، پارێزەرانی ئۆجەلان رایانگەیاند کە شوێنە نوێیەکەی لە هی رابردووی خراپترە. پارێزەران لە زمانی ئۆجەلانەوە ڕایانگەیاند کە، ژوورە نوێیەکەی 6 متری چوارگۆشەیە، پەنجەرەکان و سیستەمی هەوای ژوورەکە خراپە. ئۆجەلان رایگەیاند: جێگەی ئێستای من وەک چاڵێکی مردنە. لێرە هەناسە وەرگرتن و هەناسەدانی مرۆڤێک دژوارە. بێهەوایی خانەکانی مێشکی من دەکوژن. من هەست بەمردنی خانەکانی مێشکی خۆم دەکەم"**

**لەبەرامبەر ئەوەدا گەلی کورد لەهەرچوارلای کوردستان و دەرەوەی وڵات چالاکی جەماوەری بەرێوەچوون و لەتەواوی زیندانەکانی ئێران و رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاواشدا مانگرتن لەخواردن دەستپێکرد.**

**سەرلەبەیانی رۆژی 6ی ژانیوەری 2010 یەکێکی تر لە جەوانان و چالاکانی سیاسیی وڵاتپارێزی کورد بەناوی فەسیح یاسەمەنیی دوای ئەشکەنجەیەکی دژوار لەلایەن رژێمی ئێران لە سێدارە درا.**

**رێبەری گەلی کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان لە دوازدەهەمین ساڵی پیلانگێریدا، رایگەیاند کە ئەوان پیلانگێرییەکەیان بێئەنجام کردووە و گووتی:" من لێرەوە دەتوانم مزگێنی بدەم بە گەلەکەم. هەڵوێستی بە سەبری من لێرە و، بە هەوڵی هاوبەشی گەل، ئێمە ئەو پیلانگێرییەمان بێئەنجام هێشتەوە. لێرە چۆن من 11ساڵ بەرخۆدانم کرد، لە 12 هەمین ساڵیشدا من ئاوا بەرخۆدان دەکەم. لە ئاکامدا سەرەڕای پیلانگێری و سەرجەم هەوڵە تەسفیەکاریەکان، تەڤگەر و گەلەکەمان، لە پێشاژۆیەدا بەهێزتر بووە.**

**لە 11هەمین ساڵرۆژی پیلانگێریی 15ی شوبات لە دژی گەلی کورد، شاری ئامەدی باکوری کوردستان رۆژێکی تری مێژوویی تۆمار کرد. دەیان هەزار ئامەدی بە جلوبەرگی رەشەوە رژانە ناو مەیدانەکان و، بە خاوەندارێتیکردن لە ئۆجەلان، دووپاتیان کردەوە کە پیلانگێری 15ی شوبات پووچەڵ کراوەتەوە.**

**سەرەڕای هەموو بانگەوازییەکانی ئۆجەلان و تەڤگەری ئازادی گەلی کورد لە پێناو پێشگرتن لە چالاکی خۆسوتاندن، جەوانێکی 18 ساڵە بە ناوی موسلم دۆغان لەدژی پیلانگێری پازدەی شوبات ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەستدا.**

**موسلم لە لاپەرەی شەخسی فەیسبوکەکەیدا لە پەیامێکدا دەڵێت، مردنی هەرە ئابڕوومەندانە، مردنێکە لە وێنەی مەزڵووم. بژی ئەو کەسەی کە لەپێناو ئازادیدا نرخی داوە، هەر بژی ئەو کەسانەی لە پێناو ئازادیدا خۆیان فیدا کردووە.**

**لە پێناو ئاشتیەکی ئابڕوومەندانە و چارەسەریی دیموکراتیکی پرسی کورد، تەڤگەری ئازادیی هەنگاوێکی تری مێژوویی نا. رۆژی 3ی ئابریلی ئەمساڵدا کۆما جڤاکێن کوردستان، کەجەکە، جاڕنامەی ئاشتی و چارەسەریی دیموکراتییانەی راگەیاند. کەجەکە لە جاڕنامەکەیدا 3 پرەنسیپ و هاوکات 4 خاڵی بۆ چارەسەرییەکی دیموکراتیانە و سەقامکردنی ئاشتیەکی درێژخایەن ڕاگەیاند و، دەست نیشانی کرد کە دەبێ رێبەری گەلی کورد عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ ماڵێک بگوازرێتەوە، ئەو بە مخاتەب بگیرێ و، پاشان دانوساندنەکان لە پێناو چارەسەریدا دەستپێبکەن.**

**کەجەکە لە جاڕنامەی چارەسەریی دێماکراتیک و ئاشتیدا، 3 پرەنسیبی وەهای خستەڕوو:**

1. **نەتەوەی دیموکراتیک کە تێیدا هیچ ناسنامەیەک لە سەر ئەوی تر دەسەڵاتدار و خاوەن ئیمتیاز نەبن.**
2. **وڵاتێکی دیموکراتیک کە تێیدا خاکی هیچ کۆمەڵگەیەک نکوڵی لێنەکرێ و، کۆمەڵگەکان هەموو لەسەر خاکەکەی بژین.**
3. **کۆماری دیموکراتیک کە تێیدا سنوور کێشە نییە و، مافە نەتەوەیی و سیاسیەکانی کۆمەڵگاکان لەناو دیموکراتیدا ناسراون.**

**کەجەکە ڕایگەیاند کە دەبێ هەر سێ پرەنسیب بە گۆڕینی دەستووری بنچینەیی پێک بێن. کەجەکە لەجاڕنامەکەی خۆیدا لەپێناو زەمینە خۆشکردن بۆ چارەسەری ئاشتیانەی هەمیشەییدا ئەو هەنگاوانەی کەوا سەرەتا پێویستە بهاوێژرێن لەچوار خاڵدا کۆیکردۆتەوە:**

1- **بۆ پێشخستنی پێواژۆیەکە، بێدەنگکردنی دوولایەنی چەکەکان مەرجە.**

2- **پێویستە هەموو ئەو سیاسەتمەدارە دیموکراتیخوازانەی کورد کە لە 14ی نیسانەوە دەستگیر کراون ئازاد بکرێن.**

3- **بۆ ئەوەی ئۆجەلان بتوانێت ڕۆڵی خۆی لەچارەسەری سیاسی و دیموکراتی ببینێت، وەکو هەنگاوی سەرەتایی لە دۆخی دەستبەسەرکردن لەماڵەوە" بمێنێتەوە.**

4 - **پێویستە لەنێوان لایەنەکاندا دانوستاندن و پێشخستنی پێواژۆیەکە وەکو ئامانج دەستنیشان بکرێت.**

**لە 11مینساڵیادی پیلانگێڕی نێودەوڵەتیدا، لە گەورە شاری ئامەد لە باکووری کوردستان سەدان هەزار کەس هاتنە سەر شەقامەکان و، گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی 15ی شوباتیان شەرمەزار کرد. هێزەکانی پولیسی تورک لە بەرانبەر چالاکواناندا خۆیان پێ ڕانەگیراو، بە هەلیکوپتەری جەنگی و بە گرتنی جەوانان و لێدان و سەرکوت، جارێکی تر تیرۆری دەوڵەتی تورکیان لە بەرامبەر گەلی کورد نیشاندا.**

**سەرلەبەیانی ڕۆژی 4ی مارسدا پۆلیسی بێلژیک هێرشیان کردە سەر پەلاماری چەندین ناوەند و کومەڵەی کوردی داوە و ناوەندەکانی کۆنگرەی گەل و ناوەندی ئوروپای بەدەپەیان داگیر کردووە و چەندین سیاسەتمەداری کوردیان دەستگیر کرد کە لە ناویاندا ڕەمزی کارتاڵ سەرۆکی کۆنگرەی گەل، زوبێر ئایدار، ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان، ئادەم ئوزون و ئەیوب دۆرو ئەندامانی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان، هەن. پۆلیس  بێجگە لە گرتنی ئەندامانی ئەو ناوەندانە، کەل و پەلی ناو بارەگاکەیان شکاندوە و شێواندووە.**

**لە ڕۆژی 21 مارس لە شاری "کەیپ تاون"ی ئافریقای باشوور، کەمپینی 1 ملیۆن واژۆ بۆ ئازادی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستی پێکرد. لە ڕۆژی نەورۆزدا فستیڤاڵی مافی مرۆڤ لە شاری کەیپ تاون لە ئافریقای باشوور بەڕێوە چوو.**

**ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستنیشانی کرد کە لەگەڵ نەورۆزدا پێڤاژۆیەکی نوێ دەستپێکردووە و گووتی:"وا باس دەکرێ کەلەگەڵ نەورۆزی 2010دا پێواژۆیەکی نوێ دەستپێکردووە. ئەمەراستە. منیش لەمەدا هاوڕام. قۆناخی سێیەمین کۆتایی هات. قۆناخی یەکەمین لە1973وەتا 1984 بوو، ئەوەی دووەمینیش لە1984دا تا 1993 بوو. قۆناخی سێیەمینیش لە1993وەتا ڕۆژی ئەمڕۆ بوو. لەراستیدا من کۆتایی هاتنی ئەو قۆناخی سێیەمینەم لەساڵی 2002دا رادەگەیاند. بەڵام بەهیوای ئەوەی ئەم حکومەتەشتێکی بکردبایە، من رامنەگەیاند و لەچاوەڕوانی دابووم.**

**لە ڕۆژی 20ی ئابریلدا تەڤگەری ئازادی گەلی کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان-کەجەکە، دوران کالکان، دەستنیشانی کرد کە ئەوان دەربازی قۆناغی ستراتیژی چوارەم بوون، سەرنجی ڕاکێشایەسەر دوو تایبەتمەندی ئەو قۆناغە و ووتی: ئێمە چارەسەری بەدەستی خۆمان دەخوڵقێنین. ئەگەر لایەنی تر ئامادە بێت بۆ دانوسان، ئێمە هەمیشە ئامادەین، بەڵام لەوەزیاتر چاوەڕوانی ناکەین.**

**سەرلەبەیانی ڕۆژی 9ی مایسی ئەمساڵ چوار چالاکوانی ئاپۆجی بەناوەکانی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و شیرین عەلەم هولی لە زیندانی ئەوین لەسێدارە دران چالاکێکی تری سیاسی بەناوی مەهدی ئیسلامیان لە زیندانی ئەوین لە سێدارە دران. لەمبارەیەوە کۆما جڤاکین کوردستان کەجەکە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی چالاکوانانی کوردی بە زمانێکی توند شەرمەزار کرد و ڕایگەیاند: کە ئێران بەو کردارەی دەیەوێت کۆتایی بە قۆناخی بێچالاکیی بهێنێت و ئێران بە کۆمەڵکوژکردنی کوردان، دەیەوێ دڵی دەوڵەتی تورک ڕازی بکات .**

**ڕۆژی 28ی مایس ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ دواهەمین جار هۆشداری خۆکشاندنەوەی دا و گووتی:" لە بەر ئەوەی کە موخاتەبێک نابینم ، لە دوای 31ی مەی خۆم دەکێشمەوە."**
**ئەمەو سەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستانیش ڕۆژی یەکی حوزەیرانی ئەمساڵدا بە لێدوانێک کۆتایی بەو ئاگربەستەیان هێنا کە لە ڕێکەوتی 13ی ئاپریلی 2009 دا یەک لایەنانە ڕایانگەیاندبوو، دەستنیشانیان کرد کە ئاکەپە زەمینەی ئاشتی و دیالۆگی تێکدا و لەبەر ئەوەی ئاکەپە بڕیاری بێ چالاکی یەکلایەنەی بێواتا کرد، ئیدی پرۆسەکە هیچ واتایەکی نەماوە. کەجەکە ئاکەپەی  بەرپرسیار بینی لە کۆتایی هاتنی ئاگربەستی 13 مانگی ڕابردو و ڕادەگەیەنێت ئەوان تێپەڕی قۆناخی چوارەمین بوون. سەرۆکایەتی کەجەکە ڕادەگەیەنێت کە ئەوان خۆکشاندنەوەی ئۆجەلان بەڕێزەوە پێشوازی دەکەن**

**ڕۆژی 4ی حوزەیران لە سلۆپی 10 هەزار کەس لە دژی ئۆپەراسیۆنەکان،ویستیان ڕێپێوانێکی ئاشتیانە ئەنجام بدەن،بەڵام پۆلیسی دەوڵەتی تورک خۆیان لەبەرامبەر هەڵوێستی گەل پێڕانەگیراو، بە بۆمبی  گازی  و ئاوی بەتەوژم هێرشیان کردە سەر گەل.**

ڕۆژی 7ی حوزەیران سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کەجەکە موراد قەرەیلان ئەو چالاکییەی کەوا لە ئەسکەندەروونە ئەنجام درا، وەکو دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێی وەسف کرد و دەستنیشانی کرد کە پێواژۆی پاراستنی لەم قۆناخە نوێیەدا ،بە چالاکییەکەی ئەسکەندەروونەوە دەستپێکرد و ئەو هەڵسەنگاندنانەی کەوا چالاکییەکەی ئەسکەندەروونە بە ئیسرائیلەوە پەیوەست دەکەن بە هەڵسەنگاندنێکی دوور لەڕاستی وەسف کرد.

لە 9ی حوزەیرانی ئەمساڵدا سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە موراد قەرەیلان بانگەوازی ئاگربەستی دوو لایەنەی لە ئێران و هێزەکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پژاک کرد. قەرەیلان دەستنیشانی کرد کە ئەوان بەشەڕ و پێکدادانەکانی نێوانیان نیگەران و بانگەوازی لە دەوڵەتی ئێران کرد کە سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر کوردان ڕەچاو بکاتەوە.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سیاسی کە تێیدا 1500 سیاسەتمەدار و شارەدارانی کورد دەستیگرکران، لە 13ی حوزەیرانی ئەمساڵدا سەردۆزگەری کۆماری تورک لە شاری ئامەد ، بانگەشەنامەیەکی کە لە 7 هەزار و 575 لاپەرە پێک دێت و بۆ 151 سیاسەتمەدار و شارەدارانی کورد، لە سزای 5 ساڵ زیندان تا سزای هەتاهەتایی تێدایە، پێشکەش دادگا کردووە.

دەوڵەتی تورک تەرمی 10 گەریلای هەپەگەی زۆر بە دڕندەیی شێواند، کە لە سێرت گیانیان بەخت کردبوو. ئەمەش ناڕەزاییەکی مەزنی گەلی کوردی لێکەوتەوە. کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە دەستنیشانی کرد کە ئەو وەحشیەتیەی لەبەرامبەر تەرمەکانی گەریلادا کراوە، دژی پێوانەکانی مرۆڤایەتیە و دەچێتە چوارچێوەی تاوانەکانی شەڕەوە.

ڕۆژی 9ی تەمموز ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان چەند پێشنیارێکی گرنگی سەبارەت بە چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد خستەڕوو. ئۆجەلان گووتی:" من ئەو پێشنیارانەی بەمەبەستی چارەسەری دیموکراتی بۆ کەجەکە و بەدەپە و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم:

- یەکەم؛ هەردوو لا دەست بە پێڤاژۆیەکی بێچالاکی بکەن. دووەم؛ دەکرێ لەژێر سایەی پەرلەماندا کۆمسیۆنێکی داد و حەقیقەت، یان شتێکی وەکو ئەوەی لە باشووری ئەفریقیا پێکهاتبوو، پێکبێنن. سێیەم؛ تا بەدیهاتنی چارەسەری،هێزەکانی گەریلا لەژێر گەرەنتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە شوێنێکی دیاریکراودا کۆبکرێنەوە پاشان بگەڕێنەوە وڵات.

ڕۆژی 19ی تەممووزی ئەمساڵ پەیامبەرانی ئاشتی کە لە مەخموور و قەندیلەوە گەڕابوونەوە باکووری کوردستان، بە بڕیارێکی مێژوویی گەڕانەوە باشووری کوردستان. هۆی گەڕانەوەکەشیان ،بۆ دەستگیرکردنی ئەوان، پەرەسەندنی ئۆپەراسیۆنەکان و هێرشەکانی ئەمدواییە گەڕاندۆتەوە. ژمارەی پەیامبەرانی کە گەڕاونەتەوە، 17 کەسن کە سێیان لە قەندیلەوە چووبوون بۆ باکور.

ڕۆژی 14ی ئابی ئەمساڵدا دیوانی سەرۆکایەتی کۆنگرەی گەل و سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان "کەجەکە" ڕایانگەیاند، کە ئەوان شانسێکیتر دەدەنە ئاشتی و لەمڕۆ بەدوواوە لە ناو پاراستنی پاسیڤ یان ڕەوشی بێچالاکیدا دەبن.

ڕۆژی 20ی ئاب ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان شەش خاڵی سەرەکی وەکو چوارچێوەی سیستەمی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی دەستنیشان کرد کە خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیک پرۆژەی کوردانە بۆ چارەسەری و چوارچێوەکەیشی بەو شەش خاڵە خستەڕوو. کە بریتییە لە لایەنی سیاسی لایەنی یاسایی، لایەنی ئابووری، لایەنی چاندی، لایەنی دیبلۆماسی و لایەنی پاراستنی گەوهەری خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیکە.

وێڕای نکوڵیکردنی کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک بۆ دەستپێکردنی دیالۆگ لە ئیمرالیدا، ڕۆژی 27ی ئاب ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئاشکرای کرد کە دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەت راستییەکە و بەناوی دەوڵەتەوە دیداری لەگەڵ ئەنجام دەدەن.

ڕۆژی 9ی سێپتەمبەری ئەمساڵدا هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاند، هێزەکانی ئەرتەشی تورک لە جۆلەمێرگ لە 6 ی سێپتامبردا، دەستی بە ئۆپەراسیۆن کردووە. بەهۆی بۆمبارانکردن لەلایەن 4 هەلیکۆپتەری کۆبرا و فرۆکە شەڕکەرەکان، 9 گەریلا ژیانیان لەدەستداوە.

ڕۆژی 12ی ئەیلولی ئەم ساڵ ڕیفراندۆم بۆ هەموارکردنی دەستووری بنچینەیی تورکیا لە تەواوی تورکیا ئەنجام دراو لەئاکامدا بڕیاری " ئەرێ" و لە باکووری کوردستانیش بڕیاری "بایکۆت" سەرکەوت. هەموارکردنی دەستووری بنچینەیی بە دەنگەکانی لە سەدا 58، پەسند کرا و لە سەدا 42 یش، دەنگی "نا" یان دا.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 16ی سێپتەمەر لە شارۆچکەی 'سلەهێ' لە جۆلەمێرگ، کاتێک مینیبووسێک تێپەڕ دەبێت،تەقینەوەیەک ڕوودەدات. لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیەدا 9 کەس ژیانیان لەدەستداوەو 4 کەسیتریش بریندداربوون. زانرا کە لەشوێنی ڕووداوەکەدا دوو جانتای سەربازی لە شوێنی تەقینەوەکە دۆزراوەتەوە کە سێ مینی نەتەقیوی تێدابووە.

سەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکین کوردستان کەجەکە، سەبارەت بەهێرشەکەی جۆلەمێرگ ڕایگەیاند کە ئەو هێرشە کاری کۆنترایە. ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش کۆمەڵکوژییەکەی جۆلەمێرگی وەک ڕووداوی هەرە گرینگی مێژووی تورکیا ناودێر کرد.

ڕۆژی 20ی سێبتەمبەری ئەم ساڵ سەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کەجەکە، جارێکی دیکە پێواژۆی بێچالاکی گەریلایی کە لە 13ی ئاگۆستۆسدا ڕاگەیاندبوو، بۆ هەفتەیەکی تر درێژکردەوە.

کەمپینی بایکۆتی هەفتەی یەکەمی ساڵی پەروەردەی تورکی ،کە ڕۆژی دووشەممە 18ی سێپتەمبەر لەلایەن تەڤگەری زمانی کوردی - تەزەپەوە دەستی پێکرد، بەسەرکەوتوویی کۆتاییهات و ئەنجامی گرنگی لە گەڵ خۆی هێنا.

ڕۆژی 29ی سێبتەمەبەری ئەم ساڵ ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕایگەیاند: ئەو دیدارانەی لەگەڵ ئەودا ئەنجام دەدرێن، لەسەر ناوی دەوڵەتەوە پێک دێن. ئۆجەلان ڕایگەیاند کە ئەنجامی ئەو دیدارانە، لە چوارچێوەی دوو پرۆتۆکۆڵدا کە لە ڕووی ئاسایشی، مافە دیموکراتیکیەکان و دەستوورێکی دێموکراتیکییە و هەردوولایەن دەتوانن لەسەری کۆک بن، هەڵسەنگاند.

ڕۆژی 30ی سێبتەمەبەر کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە لە کۆبونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا جارێکی دیکە بڕیاری بێچالاکی بۆ ماوەی یەک مانگ درێژ کردەوە و دەستنیشانی کرد کە ئەگەر بێتو هەوڵدانەکانی دوولایەنە هەبێت، ئەوا ئاگربەستی بێ مەودا دەکەوێتە ڕۆژەڤیانەوە.

ڕۆژی 15ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستنیشانی کرد کە ئەو تا 31ی ئۆکتۆبەر چاوەڕێ دەکات. ئەگەر تا ئەو کاتە بە ئامانجی چارەسەری نەچنە لای ئەو، ئەوا ئەگەر سەریشی تێدا بچێت، ئیتر بەهیچ شتێکەوە پەیوەندیدار نابێت.

ڕۆژی 18ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ یەکێک لە دۆزە هەرە گرنگەکانی مێژووی کۆماری تورکیا دۆزی سیاسەتمەدارانی کورد، پارێزەرانی مافی مرۆڤ و نوێنەری دامەزراوە مەدەنییەکان لە شەشەمین دادگای گرانی شاری ئامەد بەڕێوەچوو. کە دوای چەندین دانیشتن کە دادوەر ڕێگەی بە گیراوان نەدا بە زمانی کوردی بەرگری لەخۆیان بکەن لەگەڵ خۆیدا قەیرانێکی مەزنی هێنا. دۆزگەری لەو داوایەدا داوای 3 هەزارو 326 ساڵ زیندانی دەکات بۆ ئەو 151 سیاسەتمەدارە کوردە. جێی ئاماژەیە، دۆزگەری تورک بە بەهانەی ئەندامبونی ئەو سیاسەتمەدارانەی کورد لە پەکەکە و بەشداریکردنیان لە ڕێپێوانەکاندا دەستگیرکراون.

ڕۆژی 24ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کەجەکە دوران کاڵکان ئاشکرای کرد کە 13ی ئاگۆست، بە ڕێککەوتنی هەردوو لایەن پێکهاتووە. دوران کالکان ئاشکرا کرد کە ئەو ڕێککەوتنە لەسەر بنەمای 6 خاڵ پێکهاتووە. بەڵام حکومەتی ئاکەپە تاکو ئێستا بە گوێرەی هیچ یەکێک لەو ماددانە هەڵسوکەوتی نەکردووە.

دوران کاڵکان شەش خاڵەکانی وەها ریزبەند کرد:

1- دەبێت هەر دوو لا پێواژۆی بێچالاکی بەهەستیارییەوە جێبەجێبکەن.
2- خەباتی دەستووری بنچینەیی نوێ دەستپێبکات.
3- لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی کورد بە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراتیانەدا دەبێت پرۆتۆکۆلی ئاسایشی پێک بێت.
4- دەبێت کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان ئاوابکرێت.
5- بۆ ئەوەی قۆناخەکانی چارەسەری بە شێوەیەکی باش بەڕێوە بچێت دەبێت ڕەوشی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان باش بکرێت.
6- ئەو سیاسەتمەدارانەی کورد کەوا لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی قڕ کردنی سیاسی دەستگیرکران، ئازاد بکرێن و کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنی قڕکردن بێت.

بڕیاری بێچالاکی کەجەکە کە لە 13ی ئاگوست، ڕاگەیاندرابوو و بۆ 31 ی ئوکتوبەر درێژکرابووەوە، ڕۆژی 31ی ئۆکتۆبەر سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە هەڵوێستی خۆی بۆ ڕای گشتی دەربڕی و بڕیاری دا تا دوای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بڕیاری بێچالاکی درێژ بکاتەوە.

سەبارەت بەو تەقینەوەیەی کەوا لەهەمان ڕۆژدا لە مەیدانی تەقسیمی شاری ئەستەنبول ڕوویدا، کەجەکە ئەو چالاکیەشی بەتوندی شەرمەزار کرد.

ڕۆژی 4ی نۆڤەمبەردا ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئاشکرای کرد کە چاوپێکەوتنەکانی دەوڵەت لەگەڵ ئەودا گەیشتونەتە ئاستێکی جددی و گوتی: قۆناخی دیالۆگ تا ئێستاش تێپەڕی دانوستاندن نەبووە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بڵێ قۆناغەکە بەرەو دانوستاندن دەڕوات.

ڕۆژی 12ی نۆڤەمبەر چواردەیەمین دانیشتی تایبەت بە گیراوانی سیاسی کورد لە دادگای ئامەد بەڕێوەچوو و سیاسەتمەدارانی کورد، لەدانیشتنەکەدا پێداگرییان لە سەر بەرگری لەخۆکردن بەزمانی کوردی کردەوە. بەڵام دادگا ئەو داواکارییە و داواکاری ئازادکردنی سیاسەتمەدارانی کوردی ڕەتکردەوە و ناچار بەردەوامی دانیشتنی دۆزەکەی بۆ ڕێکەوتی 13 ی ژانوویەی ساڵی 2011 دواخست.

ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی 32 ساڵ بەسەر دامەزراندنی پەکەکە، دەرک بەو ڕاستییە دەکرێت کە تەڤگەری پەکەکە هەروا بەئاسانی، بەبێ کۆسپ و تەگەرە، کێشە و گرفت قۆناخەکانی تێکۆشانی خۆی نەبڕیوە، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە لەهەر قۆناخێکدا ژان و ئازارێکی بێسنوور، قوربانی و فیداکاری و قارەمانێتییەکی نەوازە، کۆسپ و تەگەرەی تاقەتشکێن، کێشە و گرفتی لەبن نەهاتوو، کەموکوڕی و هەڵەی کوشندە هەبووە، تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەی چەندین تەڵەزگە و پیلانگێڕی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی

بۆتەوە. لەبەرامبەر هەر خیانەتێکی مەزندا، بەرخۆدانێکی مەزنیش ئامادەیە، لەبەرامبەر هەر پیلانگێڕییەکەدا قەڵەمبازێک بەرسڤدارە، لەنێو نەبوونی و بێ توانستییەکی دژواردا باوەڕی و هێز و ئیرادەی ئافراندن و مەزنکردنی توانست و توانستەکان دەردەکەوێتە روو. لەبەرامبەر بێ باوەڕی، بێ هێزی، بێ ئومێدی، بێ چارەییدا، کانگای باوەڕی، هێز، هیوا و توانستی چارەسەری دەتەقێتەوە و ملی رێ دەگرێ و دەهەڕکێت. ئیدی تەڤگەری پەکەکە وەک دیجلە و فورات لەکانیاوە رەسەنەکاندا هەڵدەقوڵێ و هیوای ژیانێکی ئازاد لە میزۆپۆتامیای لانکەی لەدایکبوونی مرۆڤایەتییەوە بە گەل، رەگەز و چینە ژێردەستەکان دەبەخشێ و هیچ لەمپەر و کۆسپ و هێزێک ناتوانێت بەربەستی بکات یان لەگەوهەر و تایبەتمەندییە رەسەنەکانی خۆی دووریبخاتەوە. هەڵبەتە لەم مێژووەدا نهێنی مانەوە و مەزنبوونی ئەم تەڤگەرە دەردەکەوێتەڕوو، کە لەگەوهەر و تایبەتمەندییەکانی خۆیدا بەرجەستە دەبێت. لەسەرووی هەمووشیانەوە پەیوەستبوونییەتی بە فەلسەفەی ئازادی، ئیرادەی سەربەخۆ، گیانی بەرخۆدان و خۆهێزی و ئافراندنەوە .

ئیدی لەئاکامی تێکۆشانی شکۆدارانەی رێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان و تەڤگەری پەکەکە و خودی گەلی کوردستان نموونەی تاک و کۆمەڵگایەکی نوێ و هاوچەرخ ئافرێنرا، تا ئاستێکی بەرزیش توانیویەتی قۆناخی "بەگەلبوون" و "بەنەتەوەبوون" ببڕێت و بەڕادەیەک بتوانێت خۆی ئاوێتەی فەلسەفەی ئازادی بکات و بەجورئەتەوە بێژێ:" ئەگەر ژیانێک هەبێت با بەئازادی و بۆ ئازادی بێت، ئەگەر مردنێکیش هەبێت با هەر بەئازادی و بۆ ئازادی  بێت" و ببێتە نموونەی" گەلی سەرکەوتن"، ببێتە ناسنامەیەکی ئازاد بۆ خۆرهەڵاتی ناوینێکی نوێ، بۆ جیهانێکی نوێی ئازاد ...

ئەمڕۆ گەلی کورد، تەڤگەری پەکەکە و ئۆجەلان لەهەموو کاتێکی دیکە زیاتر بەکاریگەرتر، تۆکمەتر، بەهیواتر و بەباوەڕتر و بەئیرادەترن، لەهەموو کاتێک زیاتر پەیوەستی یەکدی و پەیوەستی ئازادین، ئەمڕۆ گەلی کورد لەرووی چۆنایەتییەوە گۆڕان و وەرچەرخانێکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە و بانگەشەی ئازادیخوازانەی خۆی لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر بەرزتر و بەهێزترە.

Hesen_cudi@yahoo.com